# ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا لە عێراق (١٩٥٨-١٩٦٨)

**پ. د. ئازاد عوبێد سالح**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب،
زانکۆی سەلاحەددین
azad.salih3@su.edu.krd

**ڕێباز لوقمان ڕەشاد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب،
زانکۆی سەلاحەددین
rebaz.rashad@su.edu.krd

**پوختە:**

ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٨) بە ماوەیەکی گرنگ دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخ ئەوەیش بە هۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی لە باشووری کوردستان و ناوچەکە ڕوویانداوە، وەکو گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق و بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول، ئەم ڕووداوە گرنگانەش بێگومان کاریگەرییان لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە، بە تایبەت ئازادیی کاری رۆژنامەوانی لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بووە هۆی دەرچوونی ژمارەیەك زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤار، ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و پەنجە خستنە سەر گرفت و برینەکانی کۆمەڵگە بە ئومێدی ئەوەی چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە. ڕۆژنامەوانی ئاوێنەی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەمی خۆیەتی بە تایبەت لایەنی کۆمەڵایەتی و لە نێویشیدا داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە لە ڕۆژنامەکاندا زیاتر لای لێ کراوەتەوە، چونکە داب و نەریتەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە

ژیانی خەڵکییەوە هەیە. لەم ماوەیەدا رۆژنامەوانان ئاماژەیان بە چەندین نەریتی جوان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند نەریتێکی چەوت هەبوون، کە ڕێگربوون لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە بواری کۆمەڵایەتی، وەك باوەڕبوون بە نوشتەو فاڵگرەوەکان، هەندێك لە نەریتەکانی ژن هێنان لەو ماوەیەدا ئاماژەی پێکراوە، چەندین لێکەوتەی خراپی بۆ خێزانەکان دروست کردووە، هۆکارێك بوون بۆ دواکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی، لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەوانان لەهەوڵدابوونە بۆ پێشخستن و بڵاوکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی خێزان و خستنەڕووی مافەکانی ئافرەت و بایەخدان بە پەروەردەکردنی منداڵان بە شێوەیەکی دروست و سەرکەوتوو، لەم ڕووەوە کاریگەری و ڕۆڵی خۆیان هەبووە.

توێژینەوەکە چوار باسی سەرەکی لەخۆ دەگرێت: باسی یەکەم ئاماژە دراوە بە نەریتەکانی کۆمەڵگە و بیروباوەڕە میللییەکان، لە باسی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر خێزان و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت و پەروەردەکرنی منداڵ و پێکهێنانی خێزانێکی سەرکەوتوو، یاری و جەژن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکانیش لە باسی سێیەمدا خراونەتەڕوو، باسی چوارەمیش کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان لای لێ کراوەتەوە، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکە باسی لێوە کراوە.

وشە کلیلییەکان: داب و نەریتەکان، ڕۆژنامەوانی، کۆمەڵگە، ڕەنگدانەوە ، بیروباوەڕ.

**پێشەکی:**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە دروستبوونی گۆڕانکاری کۆمەڵگە لە زۆربەی لایەنەکانی، بە تایبەت لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، لە هەمان کاتدا ئاوێنەی ڕووداوەکانن و سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ نووسینەوەی مێژوو، چونکە زمانحاڵی سەردەمی خۆیانن، بێگومان لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم کاری ڕۆژنامەوانیدا هاتە ئاراوە، بەڵام لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول ڕۆژنامەوانیی کوردی تووشی ئاستەنگ هات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەوانان لەم ماوەیەدا زیاتر بایەخیان بە لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کومەڵگەی کوردی داوە، تیشکیان خستووەتە سەر چەندین بابەتی کۆمەڵایەتی وەکو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان.

**گرنگی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لایەنێکی گرنگ لە مێژووی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان دەخاتەڕوو ئەویش داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٨)، لەم ماوەیەدا دوو ڕووداوی گرنگ ڕوویان داوە، وەکو شۆڕشی ١٤ی تەمووز و شۆڕشی ئەیلوول، بێگومان ئەم دوو ڕووداوە مێژووییە کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی ڕۆژنامەوانان و هەڵوێستیان بەرانبەر داب و نەریتەکان، ڕۆڵیان لە خستنەڕووی کێشە و گرفتەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆیان. تا چەند توانیویانە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە چوار باس پێکهاتووە، باسی یەکەم تەرخانکراوە بۆ نەریتەکانی کۆمەڵگە و بیروباوەڕە میللییەکان، لە باسی

دووەمدا ئاماژە بە ئافرەت و پەروەردەکردنی منداڵ دراوە، لە باسی سێیەمدا تیشك خراوەتە سەر یاری و جەژن و بۆنەکان، باسی چوارەمیش دەربارەی گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانە. لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بینراوە گرینگترینیان: ڕۆژنامەی (ژین) و (ڕاپەڕین) و گۆڤاری (هەتاو) و (ڕۆژی نوێ)، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی دیکە کە لە لیستی سەرچاوەدا خراونەتەڕوو.

**ڕەنگدانەوەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا لە عێراق (١٩٥٨-١٩٦٨)**

داب و نەریت، بریتییە لەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی لە کۆمەڵگە ڕوودەدەن، ئەمەش بە درێژایی مێژوو لە ئەنجامی چەندین هۆکاری سیاسی و ئابووری لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە (عبدالرحمن، ٢٠١٢، ل٢٠٠). خەڵکی کوردستان خاوەن داب و نەریتی تایبەت بەخۆیەتی و زۆر بەتوندی پێوەی پابەند بووە و جێی سەرنجی گەڕیدەکان بووە، وەکو ئازایەتی لە شەڕ و جەنگەکاندا، ڕاستگۆیی و پاراستنی بەڵێن و ڕێزگرتن لە ئافرەتان (الأديب العراقي- بەشی کوردی، ژ١)، س (١)، گەلاوێژی ١٩٦١، ١٦-١٧) ، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بە دڵڕەقی و ساویلکەیی و ڕێگریش کراوە (هەروتی، ٢٠١٣،١٢٠). لە ماوەی توێژینەوەکەدا کۆمەڵێك بابەت ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا هەبووە، لێرە بەدواوە دەیانخەینە ڕوو:

**باسی یەکەم: داب و نەریت و بیروباوەڕە میللییەکان**

**١-نەریتەکانی کۆمەڵگە**: یەکێك لە نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەو ماوەیەدا بەخشین و هاوکاری و هەرەوەزییە لە نێوان یەکدیدا، بە تایبەت لە وەرزی زستاندا هەفتەیەك بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرابوو لەژێر ناوونیشانی (باربووی زستانە)، لەم هەفتەیەدا دەست دەکرا بە کۆکردنەوەی پارە و جلوبەرگ و خواردەمەنی بۆ چینی هەژار و لێقەوماوان و هەتیوان، ئەم نەریتە جوانەش ڕۆڵی هەبووە لە باشترکردنی گوزەرانی چینی هەژاران (هەتاو، ژ ١٤٦، ١٩٥٨/١٢/٣١، ١ ؛ ژین، ژ ١٦٥٦، ١٩٦١/١٢/٢١، ١). هەر لەبارەی ئەم نەریتە جوانە کەسانی دەوڵەمەند چەند پڕۆژەیەکی سوودبەخشیان بۆ هەمووان سازدەکرد، وەکو دروستکردنی نەخۆشخانە و مزگەوت و کۆمەکی کردنی چینی هەژاران، بۆ نموونە کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی (عبدالله لطفي ١٨٩٦-١٩٧٤) بڕیاری دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی داوە، هەروەها بەمەبەستی دابینکردنی جلوبەرگی قوتابیان ناوبراو (٧٠٠) دیناری بەخشیوە، هەروەها خەڵاتکردنی قوتابییە زیرەکەکان وەکو هاندانێك بۆ پێشخستن و بایەخدان بە خوێندن و خوێندەواری، شێوازێکی دیکەی بەخشین و هاندان بووە (ژین، ژ ١٦٥٨، ١٩٦١/١/٤، ١ ؛ ژین، ژ ١٦٦١، ١٩٦٢/١/٢٥، ١ ؛ ڕاپەڕین، ژ ١٣٦، ١٩٦٧/٥/١٨، ٢). جگەلە بەخشینی ماڵ و سامان کەسانێك لە ڕێگەی بەخشینی خوێنەوە، ژیانی کەسانی دیکەیان ڕزگار کردووە و بەدەم بانگەوازی ئەو کەسانەوە چوون کە پێویستییان بە خوێن بووە (ژین، ژ ١٥٥٨، ١٩٦٠/٩/٥، ٢).

هەر لە بابەت نەریتەکانی کورد تێبینی نەریتێکی دیکە دەکرێ لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەوەیش پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، کاتێ یەکێك لە نەخۆشخانە دەرچووبا یان لە گەشتێك گەڕابایەوە، خزمان و دۆستانی سەردانیان کردووە (ڕۆژی نوێ، ژ٨، س١، تشرینی دووهەم ١٩٦٠، ٣١ ؛ ژین،

ژ١٧١٤، ١٩٦٣/٢/٧، ٢). هەروەها لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، وەکو ڕێزێك و نەریتێکی جوانی کۆمەڵگەی کوردی، چەند ڕێوشوێنێکی تایبەت دەگیرا بەر، بەرانبەر چایخانە و خواردنگەکان، بە جۆرێك خواردن و خواردنەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا قەدەغە دەکرا، ئەوەی سەرپێچی بکردبووایە سزا دەدرا، تەنانەت کاتی کارکردنیش کەم دەکرایەوە (ژین، ژ١٥٩٣، ١٩٦١/٢/٢٠، ٢ ؛ ژین، ژ١٦٦١، ١٩٦٢/١/٢٥، ٢).

نەریتێکی دیکەی جوانی کۆمەڵگەی کوردی، بریتی بووە لە میواندۆستی و ڕێزگرتن لە کەسانی بێگانە و خزمەتکردنیان، هەمیشە دەرگایان لەبەردەم میوانەکاندا کراوە بووە. بەڵام تێبینی دەکرێ لە ماوەی توێژینەوەکەدا بابەتی تایبەتمەند بەم لایەنە بەکەمی ئاماژەی پێکراوە، بەسەرنجدان لە ناوەڕۆکی بابەتێك کە باس لە سەردانی وەفدێکی ئەکادیمی زانستی چیکۆسلۆڤاکیا بۆ شاری سلێمانی دەکات، ئاماژە بە میواندۆستی لەم شارە کراوە و بەم جۆرە وەسفی دەکات، **"هەتا ئێستا (٧٥) دەوڵەت گەڕاوین لە هیچ لایەکیان بەم جۆرە پێشوازی نەکراوین"** ( ژین، ژ(١٥٢٤)، ١٩٦٠/٤/٢١، ١)، تێبینی دەکرێ لەو ماوەیەدا ڕیکلامکردن بۆ هوتێل و میوانخانەکان لە ڕۆژنامەکاندا لە پەرەسەندندا بووە (ژین، ژ(١٥٢٦)، ١٩٦٠/٤/٢٨، ٦؛ خەبات/النضال، ع(٣٩٢)، ١٩٦٠/١٢/٢٥، ٢). بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم نەریتە جوانە ڕووی لە کەمی کردووە.

**٢- نەریتەکانی ژنهێنان:** کۆمەڵگەی کوردی هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی دیکە خاوەن نەریتی تایبەت بە خۆی بووە لە پرۆسەی ژن و ژنخوازیدا، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەوانی کوردی زیاتر ئاماژەی بەو جۆرە ژن و ژنخوازیانە کردووە کە زیاتر باو بوونە، لەهەمان کاتدا وەکو گرفتێکی کۆمەڵایەتی لێیان دەڕوانی و خەڵکیان لێ وشیار کردووەتەوە بۆ ئەوەی خۆیان لێی بەدووربگرن، ئەم شێوازانەی خوارەوە دیارترینیان بووە، کە لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا ڕەنگیان داوەتەوە:

**أ (شیربایی):** یەکێك بووە لە شێوازە بەرچاوەکانی ژنهێنان لە باشووری کوردستاندا، ماڵباتی کچە لەبەرانبەر خوازبێنی کچەکەیان داوای بڕێکی زۆر پارەیان کردووە، ئەمەش ئەرکی گەنجانی زۆر قورس کردووە و بەزەحمەت دەیانتوانی هاوسەرگیری بکەن، لە لێکەوتە خراپەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەوەبوو ئەوانەی توانای داراییان باش نەبووە نەیاندەتوانی هاوسەرگیری بکەن، لێکەوتەیەکی دیکەی خراپی ئەوە بوو ڕێژەی کچانی بەتەمەن ڕووی لە زیادی کردووە (سەفین (نهێنی، شاخ)، ژ(٦)، س(٢)، مایسی ١٩٦٨، ٤). هەروەها کەسانێك لەبەر ئەوەی پارەداربوون، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییەیان کردووە، باوکی کچەکە لەبەر تەماحکاری و پارەداری داخوازیکەر گوێی بە خواست و ویستی کچەکەی نەدەدا و لە کابرایەکی پیری مارە دەکرد (بڵێسە، ژ (٥)،س (١)، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩، ٥٨).

**ب- ژن بە ژنی و گەورە بە بچووك (بن پشك):** ئەمەش جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیری بووە لەو کاتەدا، هاوسەرگیرییەکە بەو شێوەیە بوو: کچی لایەکیان ئامادەیە بۆ شووکردن بە شوویان دەدا، لایەنی بەرانبەر کچەکەیان بچووك بوو مارە دەکرا، بەڵام لە داهاتوودا دەگوازرایەوە زۆربەی جار ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کۆتاییەکی خراپی هەبووە، چونکە کاتێك کچەکە گەورە دەبوو زۆرجار وابووە کوڕەکەی بەدڵ نەبوو یاخود بە پێچەوانەوە، سەرئەنجام لایەکەی دیکە کچەکەی تەڵاق دەدا، ئەگەرچی خاوەنی چەندین منداڵیش بوون (سەفین (نهێنی، شاخ)، ژ(٦)، س(٢)، مایسی ١٩٦٨، ٤-٥ ؛ هەتاو، ژ(١٣٧)، ١٩٥٨/٧/٣١، ٤).

**ت- بەزۆر کچ بە شوودان:** ئەمەشیان جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیرییە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە، بەجۆرێ بوو کچە بە بێ ویستی خۆی و بە زۆر لە پیاوێکیان مارە کردووە، زۆرجار پیاوەکە تەمەنی لە کچەکە زیاتر بووە، بەڵام

لەبەر ئەوەی کە پیاوەکە پارەداربوو لەبەرانبەردا پارەیەکی زۆری دەدا و کچەکەیان بە زۆر لێ مارە دەکرد (هەتاو، ژ(١٢٢)، ١٠ی شوباتی ١٩٥٨، ٣؛ بڵێسە، ژ(٥)، س(١)، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩، ٥٨ ؛ برایی، ژ(٣٠٠)، ١٩٦٨/٦/٢٩، ٦). هەندێك جار ئەگەر کچە ڕازی نەبوایە بەم هاوسەرگیرییە دەکوژرا (ژین، ژ(١٣٩١)، ١٩٥٨/٤/٣٠، ٢). لێکەوتەیەکی خراپی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە (ڕەدووکەوتن- ژن هەڵگرتن) بوو، ئەمەش لە ئەنجامی سەربەست نەبوونی ئافرەتەکە لە بڕیاری هاوسەرگیریدا دەهاتە کایەوە، ئافرەتەکە شوێنی کەسە دڵخوازەکەی دەکەوت و زۆر گرفتی کۆمەڵایەتی لێدەکەوتن و دەگەیشتە ڕادەی دوژمنداری (هەتاو، ژ(١٣٣)، ١٩٥٨/٦/١٠، ١٨-١٩؛ سەفین (نهێنی، شاخ)، ژ(٦)، س(٢)، مایسی ١٩٦٨، ٤). ئەم گرفتە ڕەنگدانەوەی لە شیعر و هەڵبەستەکانیشدا هەبووە وەکو ئەم پارچە شیعرەی خوارەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن:

نازەنین تۆ بووی جوان وەك گوڵەباخ بەڵام داخەکەم بەشت بوو بە ئاخ
تۆ تەنیا گوڵی باخی هیوام بووی لە جێی جەرگ و دڵ خۆشی و هانام بووی
کەچی باوکەکەت زاڵمی زۆردار تۆی فرۆشت ئێستا بەپارەو دینار
دایتی بە پیاوێك تەمەن سەد ساڵە ئەو هەقی نییە مەبەستی ماڵە
(هەتاو، ژ(١٣٣)، ١٩٥٨/٦/١٠، ٩).

**ت- ژن بە ژن:** لە ڕاستیدا یەکێك لە شێوازە باوەکانی هاوسەرگیری لەو سەردەمەدا ژن بە ژنی بووە، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە شارەکان بە بەراورد بە گوندەکان تاڕادەیەك کەمتر بووە (هەتاو، ژ(١٣٧)، ١٩٥٨/٧/٣١، ٤ ؛ ڕۆژی نوێ، ژ(١)، س(٢)، نیسانی ١٩٦١، ٤٧). هاوسەرگیرییەکە لە نێوان دوو خێزاندا بوو، زۆربەی جار وا ڕێك دەکەوت بووك و زاوایەکیان یەکتریان دەویست، بەڵام لایەکەی دیکەیان ناڕازی بوون و بە ناچاری سەری دەگرت، لێکەوتەی خراپی

ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەوەبوو ئەگەر بهاتبایە لایەکیان لێك جیا ببوونایەوە دەبوو لایەکەی دیکەش لێك جیاببوونایەوە ئەگەرچی یەکتریشیان خۆشویستبایە و کێشەیان نەبوایە ر(هەتاو، ژ(١٣٨)، ١٩٥٨/٨/١٠، ٦-٨ ؛ گۆڤاری بلێسە، ژ(٥)، س(١)، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩، ٥٦ ؛ گۆڤاری سەفین (نهێنی، شاخ)، ژ(٦)، س(٢)، مایسی ١٩٦٨، ٥).

**ج- ژن لەبری خوێن:** ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە کاتی دروستبوونی دوژمنداری لە نێوان دوو بنەماڵە دەهاتە کایەوە، بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دوژمندارییە بێت، بنەماڵەی بکوژ ئافرەتێکیان لە بری خوێن دەدا بە بنەماڵەی کوژراو، بۆ ئەوەی کێشەکە بەکۆتا بهێنن، بەڵام ئەوەی لەم نێوانە دەبێتە قوربانی ئافرەتەکەیە و لە تەواوی ژیانی بیانووی پێدەگیرێ و ناتوانی داوای مافی خۆی بکات، چونکە خاوەن خوێن بە چاوی دوژمن لێی دەڕوانن، بۆیە ئافرەتەکە ژیانێکی ناچارییانە بەڕێدەکات و لەبەر خانەوادەکەی ئەم ژیانە قبوڵ دەکات (هەتاو، ژ(١٣٧)، ١٩٥٨/٧/٣١، ٤). ڕۆژنامەوانان هۆشدارییان بە دایك و باوکان دەدا لە شوێنی کچ و کوڕەکانیان بڕیاری هاوسەرگیری نەدەن، چونکە زۆرجار ئاکامەکەی جیابوونەوە دەبێت، بۆیە پێویستە کچ و کوڕ بەر لە هاوسەرگیری یەکدی ببینن و خۆیان بڕیاری لێ بدەن (شەفەق، ژ(٥-٦)، س(١)، مایس و حەزیران ١٩٥٨، ٢٧). هەر لەبابەت هاوسەرگیری گرفتێکی دیکە بەرۆکی کۆمەڵگەی کوردی گرتبوو، ئەوەیش دروستکردنی تۆمەت بۆ پاکیزەیی کچە لە لایەن ماڵباتی کوڕەکە، بە هەر هۆکارێك بێت و زۆر جاران تەڵاق و هەندێك جاریش کوشتنی لێدەکەوتەوە، ڕۆژنامەوانان هەوڵیان داوە خەڵکی لەم دەردە کۆمەڵایەتییە ئاگادار بکەنەوە و ڕێگای ڕاستییان پێ نیشان بدەن (ڕۆژی نوێ، ژ(١٠)، س(١)، کانونی دووەم ١٩٦١، ٩٦-٩٧).

**د- شایی و زەماوەند:** نەریتێکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی شایی و زەماوەند بوو، ئەگەرچی زانیاریی ورد لە ڕۆژنامەکاندا نەخراوەتەڕوو، بەڵام لە پارچە (هەڵبەستێك)دا کە لە ڕۆژنامەی ڕاپەڕیندا بڵاوکراوەتەوە، چەند زانیارییەك دەربارەی شێوازی هاوسەرگیری بەدەستەوە دەدەن، بەو شێوازە بووە ئەوانەی بەشداری شاییان کردووە بەشی زۆریان جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی، لەزۆربەی شاییەکاندا ڕەشبەڵەك بووە واتا ئافرەت و پیاو تێکەڵ بوون، بە دەهۆڵ و زوڕنا شاییەکە گەرم دەکرا و هەندێ جار بۆ دەربڕینی خۆشی چەکیان بەرکاردەهێنا و تەقەیان کردووە (گۆڤاری بڵێسە، ژ(٥)، س(١)، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩، ٥٦ ؛ دیمەنی شاییەك، ڕاپەڕین، ژ(١٥٠)، ١٩٦٧/٩/٧، ١). هاوکات خەڵکێکی زۆر لە خزم و دۆستانی زاوا لە پێشوازی بووکدا ڕادەوەستان و خۆشییان دەردەبڕی و گوڵ و نوقڵ و گەنمیان بەسەردا دەکردن (ڕۆژی نوێ، ژ(١٠)، س(١)، کانونی دووەم ١٩٦١، ٨٧ ؛ حفلة زفاف، النهضة، ع (١٤٢)، ١٩٦٧/٧/١٠، ٢).

**٤- بیروباوەڕە میللییەکان:** بێگومان هەر میللەتێك خاوەن چەندین بیروباوەڕی میللیی تایبەت بە خۆیەتی، کۆمەڵگەی کوردیش لەم ڕووەوە چەند بیروباوەڕێکی میللیی تایبەت بەخۆی هەبووە وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، دواتر بوون بە بەشێك لە داب و نەریتی کوردەواری. ڕۆژنامەوانی کوردی ئاماژەی بە چەند بیروباوەڕێکی میللی کردووە و هەوڵی داوە خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە و خۆیان لێ بەدوور بگرن، چونکە بەشێك لەو نەریتانە لە ئەنجامی بەهەڵە تێگەیشتن لە بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هاتوونەتە کایەوە، لەوانە کاتێك منداڵ گەسك بدات ئاماژە بووە بۆ ئەوەی کە ئەو ماڵە میوانی دێت (بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، ژ(٣)، س(١)، ئابی ١٩٦٨، ١٢).

**(شەوە)** یەکێکی دیکە بووە لەو بیروباوەڕە میللییانە لە کۆمەڵگای کوردیدا باوەڕیان پێبووە، زیاتر لەناو ژناندا باو بووە کە (شەوە) جنۆکەیەکی وەجاخ کوێری بێ ئایینە، لە هەوڵی ئەوەدایە منداڵی ساوا بکوژێ، بۆ پاراستنی منداڵی تازە لەدایکبوو، سووژن و سیر و پیاز و چەقۆ لە ژوور سەری منداڵەکە دادەنرا. هەر دەربارەی جنۆکە دوو جۆری دیکە ئاماژەی پێکراوە یەکیان بە ناوی (مۆتەکە) گوایە جنۆکەیەکی مێینەیە دەچێتە لاشەی گەنجانەوە هەناسەی لێ ئەبڕێ (گۆڤاری ڕابەر (سلێمانی)، ژ(٢)، س(٢)، ١٩٦٧/٢/٦، ١٤-١٥)، ئەوەی دیکەیان بە ناوی (ئاڵ) ئەمەیان دوژمنی ئافرەتێکە تازە منداڵی بووبێ، کاتێ ئافرەتێك بەسەر منداڵێکەوە مردبا کە هۆکارەکەی خوێن لەبەر ڕۆشتن بووە، بەڵام دەیانگوت ئاڵ بردوویەتی یاخود ئاڵە کوشتوویەتی! ( هەتاو، ژ(١٢٠)، ٢٠ی کانونی دووەم ١٩٥٨، ٧-٨). بیروباوەڕێکی دیکە ڕۆژنامەوانی کوردی خەڵکی لێ هۆشیارکردووەتەوە فاڵ گرتنەوە و کتێب خوێندنەوە بووە، خەڵکی لە کاتی بوونی گرفتێك ڕوویان لەم جۆرە کەسانە کردووە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك، فاڵچیەکانیش ئەم پیشەیەیان کردبوو بە سەرچاوەیەکی بژێویی ژیانی خۆیان (هەتاو، ژ(١٣٧)، ١٩٥٨/٧/٣١، ٤ ؛ گۆڤاری ڕابەر (سلێمانی)، ژ(٢)، س(٢)، ١٩٦٧/٢/٦، ١٤-١٥). وەکو باوەڕبوون بە (بەستن و کردنەوە)، کە مەبەست لێی منداڵ نەبوونی ئەو کەسانەیە کە تازە ژیانی هاوسەرییان پێکهێنابوو، ڕۆژنامەکان خەڵکیان لێ هوشیارکردووەتەوە کە ئەم بابەتە هیچ بناغەیەکی ڕاست و دروستی نییە، جادووگەرەکان جۆرە خەیاڵێکیان لای خەڵکی دروست کردبوو کە (جن)ەکان ڕۆڵیان لەم بەستنەدا هەیە، بۆیە خەڵکی بۆ چارەسەری ئەم گرفتە ڕوویان تێکردوون (هەتاو، ژ(١٢٨)، ١٩٥٨/٤/١٠، ١٣-١٥). هاوکات بەشێکیان خۆیان کردبوو بە (سەید) و بە کۆڵانەکاندا دەگەڕان بە ناوی دوعا و بەختگرتنەوە، پارەیان لە ژنان

وەردەگرت بە تایبەت ئەوانەی نەخوێندەوار بوون، خەڵکانێك هێندە باوەڕیان بە نووشتەی شێخ و خۆڵی سەر قەبری پیاوچاکان هەبووە، هێندە باوەڕیان بە دکتۆر و زانستی پزیشکی نەبووە، لە کاتی نەخۆشکەوتندا هانایان بۆ سەر قەبری شێخ و پیاوچاکان دەبرد و بە پیرۆزی لێیان دەڕوانی (هەتاو، ژ(١٢٠)، ٢٠ی کانونی دووەم ١٩٥٨، ٧-٨ : ژین، ژ(١٣٨٠)، ١٩٥٨/٢/٦، ٣ ؛ هەتاو، ژ(١٣٠)، ١٩٥٨/٥/١٠، ٧-٨ ؛ هەتاو، ژ(١٥٩)، ١٩٥٩/٧/٣١، ٥-٧).

خەڵك بۆ مەبەستی چارەسەری گیان ئێشە و ترس و شێتی و زیادبوونی ڕزق و سەرکەوتنی خۆشەویستی سەردانی شێخەکانیان کردووە، هاوکات بەشێك لە شێخەکان لەڕێگەی خەلیفەکانیان چارەسەری نەخۆشیەکانیان کردووە، هۆکاری ئەم باوەڕبوونەی خەڵکی بە شێخ وەکو گۆڤارێك ئاماژەی بۆ دەکات نەخوێندەواری و نەزانی خەڵکی بوو. شێخ بەرلەوەی چاوی بەو کەسە بکەوتایە کە بۆدیدەنی هاتووە لە ڕێگەی موریدەکانییەوە زانیاریی تەواوی لە نەخۆشەکە بە شێوەیەکی نهێنی وەردەگرت، لە بینینی نەخۆشەکە دەستپێشخەری کردووە لە قسەکردن و زانیاریی پێشوەختەی باس کردووە دەربارەی خودی نەخۆشەکە، وەکو بڵێی زانستی نەزانراو (علم الغیب)ی پێیە بۆیە بەم ڕەفتارەی سەردانیکەرانی تووشی سەرسوڕمان کردووە و وای لێ کردوون باوەڕیی پێبکەن (هەتاو، ژ(١٥٩)، ١٩٥٩/٧/٣١، ٧ ؛ هەتاو، ژ(١٦٢)، ١٩٥٩/٩/١٥، ١٥-١٩).

هەر لە بابەت باوەڕبوون بە شێخ و گۆڕی پیاوچاکان لە سنووری سلێمانی دوو شوێن بە ناوەکانی (کانی باو و وەکاشە) هەبوون، خەڵکی بە تایبەت ژنان لە وەرزی بەهار و ڕۆژی چوارشەمدا بە مەبەستی بەدیهێنانی ڕاز و نیازەکانیان سەردانیان کردووە، ئەوانەی سەردانی ئەو شوێنەیان کردووە خۆیان لە کێلی گۆڕەکە دەخشاند یاخود بەردێکیان ئەنا بە کێلی قەبرەکەوە ئەگەر بیگرتبا ئەوا

مانای وایە مرازیان دێتە دی، خەڵکی لەوێ دەپاڕانەوە بۆ منداڵبوون و ڕزگاربوون لەدەست نەخۆشی و هەژاری، مامۆستایانی ئایینی خەڵکیان لەم بیروباوەڕە هوشیار کردووەتەوە به لادان لە دین لە قەڵەمیان داوە، ئاماژەیان بەوەکردووە ئەم جۆرە بیروباوەڕانە لە دینی پاکی ئیسلامدا جێگای نابێتەوە (ڕۆژی نوێ، ژ(٣)، س(٢)، حوزەیران ١٩٦١، ٥-٦). بیروباوەڕێکی دیکە جێگەی سەرنجی ڕۆژنامەوان بووە، ئەوەش باوەڕبوونە بە شوومی و خراپی (**کونەپەپوو**)، وەکو نیشانەی شەڕ و وێرانکاری و سەرگەردانی سەیرکراوە، باوەڕ وابووە هەر شوێنێك کونەپەپوو لەسەری بخوێنێ ئەو شوێنە تووشی ناخۆشی و ناهەمواری دەبێت (ڕاپەڕین، ژ(١٣٨)، ١٩٦٧/٦/٨، ١). هەروەها باوەڕبوون بە چاوەزار بیروباوەڕێکی دیکەی میللی بووە و خەڵکی بۆ خۆپاراستن لە چاوەزار یاخود چاوپیسی پەنایان بردۆتە بەر چەند شتێك، لەوانە هەڵواسینی شاخی کەڵە ئاسکی کێوی، باوەڕییان وابووە لە چاوپیسی دەیانپارێزێت (ڕاپەڕین، ژ(١٣٦)، ١٩٦٧/٥/١٨، ١).

**باسی دووەم: خێزان**

**١- ئافرەت**: ئافرەت و ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا یەکێکە لەو بابەتانەی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەبووە، بە تایبەت پرسی دامەزراندنی کۆمەڵەی تایبەت بە ئافرەتان و خووڕەوشتی ئافرەتان و ڕۆڵیان لە خێزان و کۆمەڵگەدا، زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەبووە، لێرە بەدوا تیشك دەخەینە سەر گرینگترین ئەو پرسانە:

ئافرەت بەشێکی گرنگی کۆمەڵە، ئەرکێکی هەرە گرنگی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا بریتییە لە دروستکردنی خێزان و پەروەردەکردنی نەوەیەکی بەڕەوشت و دڵسۆز بەرانبەر خەڵك و خاك و نیشتیمان، بۆیە لەم بارەیەوە بابەتی زۆر دەربارەی ڕۆڵیان نووسراوە، بەچاوی پڕبایەخەوە سەیرکراون، چونکە بێگومان ئافرەتی ڕەوشت بەرز و تێگەیشتوو نەوەیەکی هاوشێوەی لێ پەیدا دەبێت(ژین، ژ(١٦٦٣)، ١٩٦٢/٢/٨، ٤؛ ژین، ژ(١٦٦٥)، ١٩٦٢/٢/٢٢، ٨ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٦١)، ١٩٦٧/١١/٢٣، ١؛ ڕاپەڕین، ژ(١٨٥)، ١٩٦٨/٦/٦، ٤). سەبارەت بە ڕەوشی ئافرەتان لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەوانان ئەوەیان دەرخستووە، بە شێوەیەکی گشتی ڕەوشی ئافرەتان لە دۆخێکی خراپدایە و بەشی زۆریان لە خوێندن و خوێندەواری بێبەش کراون بە تایبەت لە گوندەکان (هیوا، ژ(١)، س(٢)، تەمموزی ١٩٥٨، ٢٥). سەربەستی و بەشداریکردنی ئافرەت لە کایەکانی کۆمەڵگا هاوشانی پیاوان، یەکێك بووە لەو لایەنانەی ڕۆژنامەوانان و ڕووناکبیرانی کورد کاریان لەسەر کردووە و هانی ئافرەتان دراوە شان بە شانی پیاوان بێنە مەیدان و ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگە بگێڕن بێ گوێدانە تانە و تەشەر (هیوا، ژ(٧)، س(١)، کانونی دووەم ١٩٥٨، ١٧ ؛ پێشکەوتن، ژ(٢٦)، ١٩٥٨/٩/٢٠، ٨ ؛ صوت الاکراد، ع(٦٩)، ١٩٦٠/١١/٢٣، ٣ ؛ بروا، ژ(١٣)، ١٩٦٠/١١/٢٧، ٧ ؛ برایی، ژ(٣١٤)، ١٩٦٨/١٠/٢٦، ٥). چونکە تا ئەوکات

بەشێکی زۆریان نەخوێندەوار بوون و سەربەستییان لێ زەوت کرابوو، بۆ هاندانی ئافرەتان نموونەی ئافرەتانی جیهانییان هێناوەتەوە کە لە ڕووی خوێندەواری و بەشداریکردنی دامودەزگاکانی وڵات لە چ ئاستێکدان (پێشکەوتن، ژ(٣٧)، ١٩٥٨/١٢/٦، ٢ ؛ نامیلکەی سلێمانی، ژ١، ١٩٥٨، ٣٤-٣٥). هاوکات ڕۆڵی ئافرەتانی کورد لە مێژوودا خراوەتەڕوو و ڕۆڵیان لە کایە سیاسییەکاندا بەرز نرخاندووە، نموونەی ئافرەتە پێشەنگەکانی وەکو(خانزادی میری سۆران، قەدەم خێر، ئەختەر)ی هێناوەتەوە، جگەلە ئافرەتە لێهاتووەکانی کورد باسی ڕۆڵی ئافرەتانی هیندستانیش کراوە لە ڕۆژنامەکاندا بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئافرەتان دروست بکەن و تێکەڵ بە کایە سیاسییەکان ببن (گۆڤاری ڕزگاری، ژ(١)، س(١)، ١٩٥٩/٢/١٠، ٢٤ ؛ ژین، ژ(١٤٦٤)، ١٩٥٩/٨/١٣، ٤ ؛ خەبات/النضال، ع(١٨٣)، ١٩٦٠/٣/٨، ٣ ؛ خەبات/النضال، ع(٣٣٤)، ١٩٦٠/١٠/١٣، ٣ ؛ ژین، ژ(١٦٤٢-١٦٤٣)، ٢٥، ١٩٦١/٩/٢٨، ٤، ٣). هەر لەم ماوەیەدا تێبینی دەکرێت ڕەوشی ئافرەتان لە شارەکاندا تا ڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو، بەتایبەت دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز بابەتی تایبەت بە ئافرەتان و دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان و گرنگیدان بە مافەکانیان زیاتر ڕەنگدانەوەی هەبووە لە ڕۆژنامەکاندا، ئافرەتان کۆمەڵێکیان بە ناوی (کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئافرەتان) دامەزراند، لەو ماوەیەدا چالاکی زۆریان کردووە و کۆبوونەوەی تایبەت بە خۆیان کردووە و ئەندام و نوێنەری تایبەت بە خۆیان لە شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دامەزراندووە، لێژنەی جۆراوجۆریان بۆ کارو چالاکیەکانیان پێکهێناوە وەکو کردنەوەی خولی تایبەت بە جلوبەرگ دوورین بۆ ئافرەتان (ژین، ژ(١٤٠٦)، ١٩٥٨/٨/٢٨، ٧ ؛ هەتاو، ژ(١٤٠)، ١٩٥٨/٩/١٠، ٤-٥ ؛ گۆڤاری نیشتیمان، ژ(١)، ١٩٥٩، ١٨-١٩ ؛ ئازادی، ژ(٦-٧)، ٧، ١٩٥٩/٦/١٤، ١٠، ٧ ؛ ژین، ژ(١٥٥٣)، ١٩٦٠/٨/١٨، ٢). لە

ساڵی (١٩٥٢) (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) دامەزرابوو، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز بە شێوەیەکی ئاشکرا دەستی بە کار و چالاکییەکانی خۆی کرد، لە پێناو پاراستن و دابینکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و نەهێشتنی نەزانی و نەخوێندەواری لە ناو ئافرەتانی کوردستان تێدەکۆشا (ژین، ژ(١٤٣٨)، ١٩٥٩/٢/٩، ٥ ؛ ڕۆژی نوێ، ژ(١٠)، س(١)، کانونی دووەم ١٩٦١، ٦٢-٦٣).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانینی کۆمەڵگە بەرانبەر ژن و پیاو جیاواز بووە و لە یەك ئاستدا نەبووە، تاوان و خراپەکاری لە دەرەوەی خێزان لە بەینی پیاوان و ژنان بە یەك چاو سەیر نەدەکرا و بەشێك لە تاوانەکان بۆ پیاوان ڕەوایەتی پێدەدرا، بەڵام بۆ ئافرەتان جێگەی قبوڵ نەبووە (ڕاپەڕین، ژ(١٨٦)، ١٩٦٨/٦/١٣، ١). لەبارەی ڕۆڵی ئافرەت لە کاروباری سیاسیدا، چالاکیی خۆیان نواندووە، وەکو چالاکیی سیاسی لە ٢٥ی شوباتی ١٩٦٠، وەفدێك لە ئافرەتانی دیموکراتی کورد سەردانی عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤-١٩٦٣) سەرۆك وەزیرانی عێراق (١٩٥٨-١٩٦٣) دەکەن، سوپاس و پێزانینی خۆیان بەرانبەر مۆڵەت پێدانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەردەبڕن، هاوکات داوای دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی زانیاری کوردییان لێ کردووە (خەبات/النضال، ع(١٧٤)، ١٩٦٠/٢/٢٦، ١ ؛ ژین، ژ(١٥١٤)، ١٩٦٠/٣/٣، ٦). بەمەبەستی نیشاندانی پیرۆزبایی هاوشێوەیی وڵاتانی جیهان لە باشووری کوردستانیش بایەخ بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان دراوە، لە ٨ی مارس ئاهەنگیان گێڕاوە و چالاکییان ئەنجام داوە (ژین، ژ(١٥٢١)، ١٩٦٠/٤/١١، ٢ ؛ آذار والمرأة الکردستانیة، خەبات/النضال، ع(١٨٣)، ١٩٦٠/٣/٨، ٣).

**٢- پەروەردەکردنی منداڵ:** یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ڕۆژنامەوانیی کوردی لەو ماوەیەدا بایەخێکی زۆری پێدرابێت پەروەردەیەکی دروست بووە

بۆ منداڵ، هەڵبەت ئەمەش لەبەر گرنگیی ئەم لایەنە بووە، چونکە نەوەیەکی دروست بنەما و خاڵێکی بەهێزە بۆ کومەڵگەیەکی سەرکەوتوو و پێشکەوتوو، لەم ڕووەوە چەندین بابەت لەبارەیانەوە نووسراوە هەوڵدەدەین باس لە گرینگترینیان بکەین:

ئەرکی سەرەتا و لە پێشینە لەسەر دایك و باوکان پەروەردەکردنی نەوەیەکی دروستە، ئەم پەروەردەکردنە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر پاشەڕۆژی منداڵەکە دەبێت، بۆیە پێویستە لە سەرەتاوە فێری ڕەوشت بەرزی و بەها باڵاکانیان بکەین، لەسەر ڕێچکەی دروستی باوباپیرانیان بڕۆن، منداڵان بەو ئامانجەوە بنێرنە بەر خوێندن تا فێری زانست و زانیاری ببن و خزمەتی خاك و نیشتیمانیان بکەن (برایی، ژ(٣٩٢)، ١٩٦٨/١٠/٥، ٤). بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پەروەردەیان بکەن و لە کاتی ئەنجامدانی هەر هەڵەیەك پێویست بە لێدان و سەرزەنشتکردنی ناکات، بەڵکو دەبێ بە شێوەیەکی جوان ئامۆژگاری بکرێن و هەڵەکانیان بۆ ڕاست بکرێتەوە (بڵێسە، ژ(٧)، س(١)، شوباتی ١٩٦٠، ٢٢-٢٦). هەر لە پێناو گرنگیدان بە ڕەوشت بەرزی قوتابیان وەزارەتی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا ئەنجومەنێکیان پێکهێناوە بە ناوی ((کۆمەڵەی باوکان و مامۆستایان))، هەر سەبارەت بە گرنگیی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا ڕۆژێك تەرخان کرابوو بۆ کۆبوونەوەی دایکان و باوکان لەگەڵ مامۆستاکان، لەم کۆبوونەوەیەدا لە لایەن مامۆستاکانەوە دایك و باوکی منداڵەکان لە کەم و کورییەکانیان ئاگادار دەکرانەوە (نشرة أربيل، ع(١٦)، ١٩٦١/١٢/٧، ٤ ؛ گۆڤاری ڕابەر، ژ٢، س٢، ١٩٦٧/٢/٦، ٢٤-٢٦).

بایەخدان بە تەندروستی منداڵ ئامانجێکی گرنگی ڕۆژنامەوانی بووە، بۆ ئەوەی منداڵ لەشساغ و بیرساغ و تەندروست بێت و گەشەیەکی باشی هەبێت (هیوا، ژ(٨)، س(١)، شوبات ١٩٥٨، ٤٥ ؛ ڕۆژی نوێ، ژ(١٠)، س(١)، کانونی

دووەم ١٩٦١، ٧٧-٨٢)، ڕێنمایی دایکانیان کردووە شیری خۆیان بە منداڵەکانیان بدەن و دوورکەونەوە لە بەکارهێنانی شیری قوتوو، چونکە شیری دایك تەندروستە و هیچ زیانێکی لاوەکی نییە و هەمیشە ئامادە و گونجاوە بۆ منداڵ، بە پێچەوانەی شیری قوتوو کە زیانی لاوەکی هەیە بۆ منداڵ و تووشی چەندین گرفتی تەندروستی دەکات (ڕۆژی نوێ، ژ(٣)، س(٢)، حوزەیران ١٩٦١، ٥-٦ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٩٢)، ١٩٦٨/٨/١، ٣). لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنمایی دایکانیان کردووە جگەلە خواردنی شیر منداڵەکانیان فێری خواردن بکەن، بە تایبەت ئەو خواردنانەی لەگەڵ تەندروستیان دەگونجێت و ڤیتامینی بەسوودی بۆ گەشەیان تێدایە، هاوکات بایەخ بە خەوی تەندروست بدەن بۆ منداڵەکانیان (هەتاو، ژ(١٣٥)، ١٩٥٨/٧/١٠، ١٣-١٤ ؛ مجلة رابەر (سلێمانی)، ع(٢)، س(٢)، ١٩٦٧/٢/٦، ٤٣-٤٤). لە هەمان کاتدا ڕێنموونی کردنی دایك و باوکان لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ منداڵەکانیان جێی بایەخی ڕۆژنامەگەری کوردی بووە، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کەم گوێڕایەڵی دایك و باوکان دەبن، حەز بە ئازادی و کردنی کارەکان بە دەستی خۆیان دەکەن (پێشکەوتن، ژ(١٤)، ١١ی حزیرانی ١٩٥٨، ١٤-١٥). ڕاکردن بە دوای ئۆتومبێل و عەرەبانە لە لایەن منداڵانەوە، ڕەوشتێکی نەشیاوو خراپ بووە، بە تایبەت لە جەژن و بۆنەکاندا، ڕۆژنامەگەری کوردی دایك و باوکی منداڵانی لە مەترسییەکانی ئەم دیاردەیە ئاگادار کردووەتەوە (برِوا، ژ(٧١)، ١٩٦٢/٣/٦، ١).

بابەتێکی دیکەی ڕۆژنامەوانی باس لە پەیوەندیی نێوان منداڵ و باوك دەکات و بە گرنگ وەسفی دەکات، وتارەکە ئاماژە بەوە دەکات منداڵ بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی خووڕەوشتی گۆڕانی بەسەردا دێت و پێویستە لەسەر دەوروبەرەکەی بە گوێرەی ئەو قۆناغەی تەمەنی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەن، پێویستە لەسەر باوکان یارمەتی منداڵەکانیان بدەن بۆ دابینکردنی

پێداویستیەکانیان لە سنووری دیاریکراوی خۆیدا، نەك هەموو شتێکیان بەردەست بخەن و بە ناز پەروەردەیان بکەن، پێویستە لەسەریان منداڵەکانیان فێری پشت بەخۆبەستن بکەن لە ئەرکەکانی ڕۆژانەیان و نابێت منداڵ لەماڵەوە گۆشەگیر بکرێت، پێویستە تێکەڵ بە منداڵانی هاوتەمەنی خۆی بکرێت و لە ئەرك و مافەکانی شارەزا بکرێ، لە هەمان کاتدا وا گونجاوە جۆرە ئازادییەك بەمنداڵ بدرێت لە حەز و ئارەزووەکانی، چونکە ئەو منداڵانەی باوکیان ئەزموون و شارەزای خۆیان بەزۆر بەسەریاندا دەسەپێنن، زۆرجار کەسانی ڕاڕا و کەم توانایان لێ دێتە بەرهەم، چونکە کەسێکی دیکە لە شوێنی ئەوان بڕیاری لەسەر شتەکان داوە (ژین، ژ(١٧٠٣)، ١٩٦٢/١١/٢٢، ٤ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٨١-١٨٣)، ٩، ١٦، ١٩٦٨/٥/٢٢، ١، ٤).

ڕۆژنامەوانی کوردی تیشکی خستووەتە سەر بابەتێکی دیکەی گرنگ ئەویش هۆکاری ترس لای منداڵ و چارەکردنی، بەشێك لە هۆکاری ئەم ترسانە خودی دایکانن کاتێك منداڵ دەترسێنن بە ئاژەڵ و تاریکی و جنۆکە و دێو، دواتر لەگەڵ گەورەبوونیدا ئەم ترسە لە دڵیدا دەمێنێتەوە، هەندێك جار کاریگەریی دەروونی و جەستەییش بەجێ دەهێڵێت، بۆیە پێویستە هەر لە تەمەنی منداڵیدا ئەم ترسە لە دڵی دەربهێنرێت و لەگەڵ ئەو شتانەدا ڕابهێنرێت و ئاشنایی پەیدا بکات بۆ ئەوەی ترسی لێیان بشکێت (ژین، ژ(١٦٦٣)، ١٩٦٢/٢/٨، ٥ ؛ چیا، ژ(٢)، س(٢)، ١٩٦٨، ٤٢-٤٣). ڕێنمایی دایکان کراوە دوور بکەونەوە لە دەرکردنی ترسی منداڵ بە ئاگرکردنەوە و کوژانەوە، چونکە ئەگەر نەشترسابێت دەیترسێنن (ڕاپەڕین، ژ(١٩٨)، ١٩٦٨/١٠/٣، ٤). هەر لە چوارچێوەی بایەخدان بە مناڵ، وەکو چۆن لە جیهاندا ڕۆژی (١)ی حوزەیران، وەکو جەژنێك بۆ منداڵان دیاری کراوە و بۆ پاراستنی منداڵان لە جەنگ و نەخۆشی و هەژاری، لە باشووری کوردستانیش بایەخ بەم ڕۆژە دراوە و

ئاهەنگی بۆ ڕێکخراوە و خەڵات بەسەر منداڵە جوان و پاکەکاندا دابەش کراوە، بە تایبەت منداڵە هەتیوەکان (ژین، ژ(١٤٤٩)، ١٩٥٩/٥/٢٨، ٢ ؛ ئازادی، ژ(٦)، ١٩٥٩/٦/٧، ٤ ؛ هەتاو، ژ(١٥٦)، ١٩٥٩/٦/١٥، ١٩؛ ژین، ژ(١٥٣٤)، ١٩٦٠/٦/٢، ١). بێگومان ناونانی منداڵ یەکێکە لە بابەتە پەروەردەییەکان و لە دواڕۆژدا کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵەکە دەبێت، لە هەمان کاتدا ئەرکە لەسەر دایك و باوك کە منداڵەکانیان بە ناوێکی مانابەخش ناو بنێن، لە ماوەی توێژینەوەکەماندا بابەتێك جێگەی سەرنج بووە، ئەویش تەرخانکردنی گۆشەیەك بووە بۆ تازە لەدایکبووان و ناولێنانیان، تێبینی دەکرێت ناونانی منداڵ لەو ماوەیەدا بە ناوی کوردیی مانا بەخش زۆر پەرەی سەندووە (ژین، ژ(١٦٠١)، ١٩٦١/٣/٣٠، ٢؛ ژین، ژ(١٦١٠)، ١٩٦١/٥/١، ٢ ؛ ژین، ژ(١٦٣٩)، ١٩٦١/٩/١١، ٢؛ ژین، ژ(١٦٦٢)، ١٩٦٢/٢/١، ٣؛ ژین، ژ(١٦٦٦)، ١٩٦٢/٣/١، ٢).

**٣- پێکهێنانی خێزان:** لایەنێکی گرنگی دیکە کە ڕۆژنامەوانی کاری لەسەر کردووە، بایەخدانە بە پاراستن و پێکهێنانی خێزانێکی سەرکەوتوو، بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی تۆکمە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەهێز. ڕۆژنامەیەك لە وتارێکیدا دەربارەی ژن هێنان و پێکەوەنانی خێزانی سەرکەوتوو و بێ گرفت، چەند خاڵێکی گرنگ دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی خێزانەکان بەختەوەربن، ئامۆژگاری ئەوانە دەکات کە دەیانەوێت خێزان پێکبێنن، ڕەچاوی تەمەن (النهضة، ع(٢٠)، ١٤/مارت/١٩٦٤، ٣) و ئاستی خوێندەواری یەکدی بکەن و لەم ڕووەوە لێك نزیك بن، هەروەها لە ڕووی لەشساغی و جەستەییەوە هاوتای یەك بن و دان بە کەسایەتی یەکتردا بنێن، ڕێز لە یەکدی بگرن و بەر لە هاوسەرگیری تاڕادەیەك شارەزای خووڕەوشت و هەست و نەستی یەکتربن، هەر لەو وتارەدا داوا لە چینی ڕۆشنبیران دەکات بایەخ بەم لایەنە بدەن و هاوسەرگیری و پێکەوەنانی خێزان لەبەرچاوی لاواندا ڕوون و ئاسان بکەن و

بەرچاو ڕوونییان پێبدەن (ڕاپەڕین، ژ(١٣٤)، ١٩٦٧/٤/٢٧، ٣)، هەر لەبارەی پێکهێنانی خێزانەوە وتارێکی ڕۆژنامەوانی وەکو بەرچاو ڕوونیەك ئەوە دەخاتە بەر دیدی خوێنەرانی، زێڕ بنەمای ژیانێکی بەختەوەر نییە و هەر هاوسەرگیرییەك لەسەر ئەم بنەمایە دیاری کرابێت، ئەنجامێکی باشی نابێت و هەندێك جار ئەنجامی هەڵوەشانەوە دەبێت (پێشکەوتن، ژ(٦٥)، ١٩٦١/٤/٣، ٢). هەر سەبارەت بە پێکهێنانی خێزان ڕۆژنامەیەك لە وتارێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژە بە دوو جۆر هاوسەرگیری دەکات لەوماوەیەدا باو بووە، ئەوەش یەکەمیان شێوازی هاوسەرگیری کۆنە کە خەڵکانێکی زۆر پەیڕەوی لێ دەکەن، شێوازەکە بەو جۆرەیە، کاتێك کوڕە کاتی ژنهێنانی هات دایك و باوکی کەسێکی بۆ دیاریدەکەن بێ ئەوەی پێشتر یەکیان بینیبێت. جۆرێکی دووەمیان ئەوەیە، کە کوڕە بەر لەوەی ماڵەوەیان کەسێکی بۆ دەستنیشان بکەن خۆی کەسێکی دیاری کردووە و لەگەڵی ڕێککەوتووە، دواتر بە ڕێگایەکی شەرعی لێکتر مارە دەکرێن، دواتر ئەوە دەخاتەڕوو هەردوو جۆرە هاوسەرگیرییەکە لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە، بەڵام شێوازی دووەمیان جۆرێك لە یەکترناسین لە نێوان کوڕ و کچدا هەیە، ئەگەری سەرکەوتنی زیاتر و باشترە (بڕوا، ژ(١٤)، ١٩٦٠/١٢/٣، ٦ ؛ هـ.س، ژ(١٥)، ١٩٦٠/١٢/١٠، ٣-٤).

ئاسوودەیی خێزان جێی بایەخی ڕۆژنامەوانی کوردی بووە و بایەخی پێداوە و چەند خاڵێکی بۆ ئاسوودەیی خێزان دیاری کردووە، لەوانە دیاریکردنی کەسێکی ڕەوشت جوان بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری ژیانی مرۆڤ، پێویستە گرنگی بە پێویستییەکانی خێزان بدرێ و لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت و دووربکەوێتەوە لە ڕەزیلی (النهضة، ع(٩٣)، ١٩٦٦/٢/٧، ٣) و قەرز وەرگرتن، بڕێك لە داهاتی ڕۆژانەی بۆ ڕۆژە سەختەکان پاشەکەوت بکات، ڕازی بێت بەو بەشەی کە هەیەتی. سەرۆکی خێزان خۆی بە دوور بگرێت لە یاری کاغەز (قومار)، کە خێزان تووشی لەناوچوون و قات و قڕی دەکات

(هیوا، ژ(١١)، س(١)، مایس ١٩٥٨، ٦١-٦٢ ؛ گۆڤاری چیا (سلێمانی)، ژ(٢)، س(٢)، ١٩٦٨، ٣٧-٣٨). لە هەمان کاتدا پێویستە ئافرەتان ماڵ بکەنە شوێنی حەوانەوە و ئاسوودەیی پیاوەکانیان، سەرەڕای ماندوویێتی و کاری بەردەوامی ڕۆژانەیان، نابێت لە کاتی هاتنەوەی پیاوەکانیان ڕاستەوخۆ گیروگرفتەکان بخەنە پێش چاوی پیاوەکانیان و دەست بکەن بە گلەیی و گازاندە، چونکە پیاوان دوای ئیش و ماندووبوونی پێویستی بە پشوو هەیە، لە بەرانبەردا دەبێ پیاوانیش بەهەوڵ و ماندووبوونی هاوسەرەکەی ئاگاداربێت و نابێت فەرامۆشی بکات، پێویستە لە پرسە گرنگەکاندا ڕاوێژ بەیەکدی بکەن (ژین، ژ(١٣٨١)، ١٩٥٨/٢/١٣، ٦). نووسەران بۆ ئەوەی خێزان ناکۆکی و گرفتی تێنەکەوێت، داوایان لە خێزانەکان کردووە بە تایبەت پیاوان دادپەروەری و هاوسەنگی نێوان منداڵەکان بپارێزن و جیاوازی لە نێوان کچ و کوڕدا نەکەن. هەروەها پێویستە لەسەریان پارێزگاری لە پەیوەندییەکی دادپەروەرانە و هاوسەنگ بکەن لە نێوان هاوسەر و خوشك و دایکی خۆیاندا (ژین، ژ(١٦٥٢)، ١٩٦١/١١/٢٣، ٥). لە پێناو پاراستنی خێزان و کەمکردنەوەی گرفتەکانی، نووسەران ئامۆژگاری ئافرەتانیان کردووە دەست بڵاو نەبن لە بەکارهێنان و خەرجکردنی سامانی هاوسەرەکانیان لە شتی بێسوود، هاوکات لەگەڵ مۆدێل ڕۆشتن دیاردەیەکی دیکەی چەوتی ناو بەشێك لە ئافرەتان بووە، نووسەران لەم بارەیەوە ئامۆژگارییان کردوون خۆیانی لێ بەدوور بگرن (برایی، ژ(٢٩)، ١٩٦٧/٥/٢٧، ٢). چونکە ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی تێکدان و لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی خێزان (، هیوا، ژ(٧)، س(١)، کانونی دووەم ١٩٥٨، ٧٠).

**باسی سێیەم: یاری و جەژن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان**

**١- یاری و کات بەسەربردنەکان:** یارییە وەرزشییەکان بە گشتی و یاری تۆپی پێ بە تایبەتی دیارترینی وەرزشەکان بووە، گەنجان و لاوان جگەلەوەی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش ئەو یارییەیان کردووە، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی پێکهێنانی کۆمەڵێك یانە و تیپی تایبەتی بۆ مەبەستی پێشبڕکێ یارییان کردووە. بە تایبەت یانەی وەرزشی سلێمانی کە لە ساڵی (١٩٥٦) دامەزرابوو، زۆرترین بابەتی لە بارەوە نووسراوە ئەویش لە ڕۆژنامەی ژین گۆشەیەکی بۆ تەرخانکراوە بە ناوی دەنگوباسی وەرزشی (ژین، ژ(١٤٥٦)، ١٩٥٩/٦/٢٩، ٣ ؛ ڕۆژی نوێ، ژ(٧)، س(١)، تشرینی یەکەم ١٩٦٠، ٩٩ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٥٦)، ١٩٦٧/١٠/١٩، ٥). لە نێوان قوتابخانەکانیشدا خولی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە سازکراوە، خەڵکی بە گشتی زۆر بایەخیان بەم جۆرە وەرزشە داوە و جگەلە وەرزشوانەکان (ژین، ژ(١٥٤٤)، ١٩٦٠/٧/١٨، ٢ ؛ بڕوا، ژ(٧٠)، ١٩٦٢،٢/٢/٢٤ ؛ ، ژین، ژ(١٦٩٩)، ١٩٦٢/١٠/٢٥، ٢ ؛ النهضة، ع(٥٥)، ١٩٦٤/١٢/٧، ٢)، خەڵکێکی زۆر بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕوویان لە یاریگاکان کردووە بۆ بینینی یاری نێوان یانە و تیپەکان (ژین، ژ(١٦٣٦)، ١٩٦١/٨/٢٨، ٢). شاری هەولێریش بەدەر نەبووە لەم جۆرە وەرزشە و لە ڕۆژنامەکاندا چەندین هەواڵ و چالاکی وەرزشیی ئەم شارە خراونەتەڕوو، ئاماژە بە چەندین یانە کراوە دیارترینیان یانەی برووسکی هەولێر بووە (خەبات/النضال، ع(٢٤١)، ١٩٦٠/٦/١٦، ٢؛ خەبات/النضال، ع(٤٢٦)، ١٩٦١/٢/٨، ص٢ ؛ نشرة أربيل، ع(٣٢)، ١٩٦٢/٤/١٤، ١).

هاوکات بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش یاری نێوان تیپە میللییەکانی نێوان گەڕەکەکان بەڕێوە دەچوو (التآخي، ع(٢١٢)، ١٩٦٧/١١/٣٠، ٧ ؛ التآخي، ع(٢٧٦)، ١٩٦٨/٥/٣، ٧). هەر سەبارەت بە یارییە وەرزشییەکان، چەند یارییەکی دیکە لە ڕۆژنامەکاندا ئاماژەیان پێکراوە لەوانەش: یاری باسکە

(سەلە) و بالە (شەبەکە) و تێنس و پاسکیل سواری و ڕاکردنی درێژ مەودا (هیوای کوردستان (سلێمانی)، ژ(١٠)، ١٩٦٠/٦/١٩، ٦ ؛ بڕوا، ژ(٧٠)، ١٩٦٢/٢/٢٤، ٢ ؛ النهضة، ع(١٧٠)، ١٩٦٨/٢/١، ٤). تێبینی دەکرێت چالاکییە وەرزشییەکان لەناو کچاندا کەمتر بەدی دەکرێت، بۆیە لە ١١ و ١٢ی حوزەیرانی ١٩٥٩ لە بەغدا یەکەم کۆنگرەی تایبەت بەوەرزش کراوە و یەکێك لەو ڕاسپاردانەی دراوە بە کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق، بریتی بوو لە بڵاوکردنەوە و هاندانی کچان بۆ بەشداری کردنی چالاکییە وەرزشییەکان. (چاوشارکێ) یارییەکی دیکە بوو کە لەناو منداڵانی گەڕەکان کراوە (مەشخەڵی نەورۆز، ژ(٢)، ١٩٥٩/٧/٢، ٦). چایخانە و گازینۆکانیش دوو شوێنی دیکە بوون لەناو ڕۆژنامەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، خەڵکی بەمەبەستی کات بەسەربردن ڕوویان تێکردووە (ژین، ژ(١٥٠٧)، ١٩٦٠/٢/١، ٢ ؛ بڕوا، ژ(٧٦)، ١٩٦٢/٧/١، ١؛ ڕاپەڕین، ژ(١١٣)، ١٩٦٦/٩/٢٤، ٢). یاری (دۆمینە و تاوڵە)یان تێدا کراوە (ژین، ژ(١٤٩٧)، ١٩٥٩/١٢/٢٤، ٣ ؛ ژین، ژ(١٥٢٢)، ١٩٦٠/٤/١٤، ٢ ؛ ژین، ژ(١٦٦٠)، ١٩٦١/١/١٨، ٥) سینەماکان شوێنێکی دیکە بوون کە خەڵکی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕوویان تێکردووە (ژین، ژ(١٥٠٧)، ١٩٦٠/٢/١، ٢).

**٢- جەژن و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان:** لە کۆمەڵگەی موسڵمانان و بە تایبەت لە باشووری کوردستان دوو جەژنی سەرەکی هەن، ئەوانیش جەژنی ڕەمەزان و قوربانن، بەداخەوە لە چەند گۆشەیەکی بچووکی ڕۆژنامەکاندا برووسکەی پیرۆزبایی و جەژنە پیرۆزە بەدی دەکرێت (بڕوا، ژ(٣٧)، ١٩٦١/٥/٢٠، ٢ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٧٤)، ١٩٦٨/٣/٧، ١ ؛ گۆڤاری سەفین، ژ(٣)، ١٩٦٨/٢/٢، ٩)، دەبوو ڕۆژنامەگەری کوردی بایەخی زیاتری بەم دوو جەژنە بدابووایە، چونکە ساڵانە لە کاتی هاتنی ئەم دوو جەژنەدا لە لایەن خەڵکەوە ئامادەکاری تەواوی بۆ دەکرا هەر لە کڕینی پۆشاکی نوێ و خاوێنکردنەوەی ناوماڵ و دابینکردنی

شیرینی و لێنانی خواردنی تایبەت بەو ڕۆژە کە گۆشت و برنج و شلەی قەیسی بووە، دوای نوێژی جەژن خەڵکی بەمەبەستی جەژنە پیرۆزە و گەردن ئازایی سەردانی دراوسێ و خزم و کەسوکاری خۆی کردووە (ئەنوەر، ٢٠١١، ١٧٥-١٧٨). لەگەڵ ئەوەشدا لە چەند شوێنێکی ڕۆژنامەکاندا باسی ئەم جەژنانە کراوە، هانی خەڵك دراوە لەم جەژنانەدا گیانی برایەتی و هاوکاری و لێبوردەیی زیاتر پەرە پێبدەن، دڵ و دەروونیان لە ڕق و کینە خاوێن بکەنەوە و گەردنی یەکدی ئازا بکەن (ڕاپەڕین، ژ(١٦٦)، ١٩٦٧/١٢/٢٨، ١، ٣ ؛ ڕاپەڕین، ژ(٢٠٧)، ١٩٦٨/١٢/١٩، ١) بەجۆرێ خەڵکی لەم جەژنانەدا جگەلە سەردانیکردنی یەکدی و خزم و کەسوکار، بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕوویان لە شوێنە گەشتیارییەکان کردووە (ژین، ژ(١٥١٩)، ١٩٦٠/٤/٤، ٢ ؛ ژین، ژ(١٥٣٥)، ١٩٦٠/٦/١٣، ٢ ؛ ژین، ژ(١٦١٦)، ١٩٦١/٦/١، ١ ؛ بڕوا، ژ(٣٨)، ١٩٦١/٦/٣، ٢). هاوکات کەسایەتییە سیاسییەکانیش بەشداری جەژنەکانیان کردووە و برووسکەی پیرۆزباییان ئاڕاستەی یەکدی کردووە و جەژنە پیرۆزەیان بڵاو کردووەتەوە (خەبات، ژ(٣)، ١٩٥٩/٤/١٧، ٤). ڕۆژانی جەژن بۆ منداڵان تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، لەو ڕۆژەدا منداڵان یاری جۆراوجۆریان کردووە وەکو (کورسی کورسی و چەرخوفەلەك)، لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەوانان دایك و باوکی منداڵانیان لە چەندین یاری خراپی وەکو (لگاو ئەحمەر و ئەسوەد) ((جۆرە یارییەك بووە لەسەر پارە ئەنجام ئەدرا، ڕەفیق چالاك، جەژنەو ئارەزوو، بڕوا، ژ(٣٨)، ١٩٦١/٦/٣، ١.)) ئاگادار کردووەتەوە (بڕوا، ژ(٧١)، ١٩٦٢/٣/٦، ١).

یادکردنەوەی لەدایکبوونی پێغەمبەر محمد (د.خ)، بۆنەیەکی دیکەی ئاینی بوو کە لە ڕۆژنامەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەتایبەت لە شاری هەولێر زۆر بایەخی پێدراوە، ساڵانە لە (١٢)ی مانگی ڕەبیعی یەکەم (بەساڵنامەی کۆچی) ئاهەنگی مەولوود لە مزگەوت و شوێنە گشتییەکاندا ڕێکخراوە، ئەم

ڕۆژە کراوە بە پشوو، لەم ڕۆژەدا درووود بۆ گیانی پێغەمبەر (د.خ) دەنێردرا و قورئان و هۆنراوە لە مزگەوتەکاندا بە دەنگی بەرز خوێنراوەتەوە و ناو شاریان بە دروشمی جوان و جۆراوجۆر ڕازاندووەتەوە، شیرینی و خواردن بە خۆڕایی بەسەر خەڵکیدا بەخشراوەتەوە، هاوکات بەرپرسە باڵاکانی شاریش بەشداری ئەم ئاهەنگەیان کردووە و وتەی پیرۆزبایيان ڕاگەیاندووە. ڕۆژنامەکانیش سەرەتای دەرکەوتنی ئەم بۆنە ئاینییەیان گەڕاندۆتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی کۆچی و سەردەمی سوڵتان موزەفەرەددین کەوکەبەری (١٢٨٢ز، مردووە)، کە حاکمی ئەو کاتەی شاری هەولێر بووە (پێشکەوتن، ژ(٢٧)، ١٩٥٨/٩/٢٧، ٣ ؛ خەبات/النضال، ع(٣٠٢)، ١٩٦٠/٨/٣١، ٢ ؛ ژین، ژ(١٥٥٨)، ١٩٦٠/٩/٥، ٢ ؛ پەخشنامەی هەولێر، ژ(٢)، ١٩٦١/٨/٢٩، ١ ؛ هـ. س، ژ(٣)، ١٩٦١/٩/٥، ٢؛ نشرة أربيل، ع(٤٦)، ١٩٦٢/٨/٢١، ١ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٤٠)، ١٩٦٧/٦/٢٦، ٢). هاوکات سەری ساڵی کۆچی بۆنەیەکی دیکەی ئایینی بووە لە ڕۆژنامەکاندا ئاماژەی پێدراوە، بە ڕووداوێکی گرنگ وەسف کراوە لە مێژووی مرۆڤایەتی، ئەو ڕۆژە کراوە بە پشووی فەرمی، هاوکات بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان سازکردووە و برووسکەی پیرۆزبایيان ئاڕاستەی موسڵمانان کردووە (خەبات/النضال، ع(٢٤٩)، ١٩٦٠/٦/٢٧، ١ ؛ نشرة أربيل، ع(٣٨)، ١٩٦٢/٦/١٠، ١).

نەورۆز وەکو بۆنەیەکی نەتەوەیی، لەماوەی توێژینەوەکەدا زۆرترین بابەتی لەبارەوە نووسراوە، لە لایەن ڕۆژنامەگەری کوردییەوە بایەخی تایبەتی پێدراوە و لەگەڵ هاتنی نەورۆزدا دەیان بابەت و وتاریان لەبارەوە نووسیوە (ژین (ژمارەی تایبەت بە نەورۆز)، ژ(١٤٣٥)، ١٩٥٩/٣/١٩ ؛ ڕاپەڕین (ژمارەی تایبەت بە نەورۆز)، ژ(١٣١)، ١٩٦٧/٣/٣٠). شایەنی ئاماژەپێدانە یادکردنەوەی نەورۆز لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز بە شێوەیەکی ئازادانەتر لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان یادی کراوەتەوە (ژین، ژ(١٤٣٧)،

١٩٥٩/٤/٢، ٢ ؛ هەتاو، ژ(١٥٣)، ١٩٥٩/٤/١٥، ١-٢ ؛ خەبات/النضال، ع(٢٠٢)، ١٩٦٠/٤/٢٤، ٣-٤ ؛ بڕوا، ژ(٢٩)، ١٩٦١/٣/١٧، ١). ٢١ی نەورۆز سەرەتای ساڵی کوردییە و یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهارە، دوای سەرماو سۆڵەی زستان دووبارە دەشت و دەر دەبووژێتەوە، خەڵکی بە گشتی بەم بۆنەیەوە جلوبەرگی کوردی دەپۆشن و ئاهەنگ دەگێڕن و خواردنی تایبەتی دروست دەکەن و ڕوو لە دەشت و دەر دەکەن و هەڵپەڕکێ دەکەن (ژین، ژ(١٣٧٨)، ١٩٥٨/٣/٢٧، ٥ ؛ بلێسە، ژ(٨)، س(١)، مارت ١٩٦٠، ٢ ؛ گۆڤاری سەفین (شاخ)، ژ(٥)، س(٢)، نیسانی ١٩٦٨، ٦-٧). ئاگرکردنەوە سیمایەکی دیاری ئەم بۆنەیە لە ئێوارەی ٢٠ی ئاداردا، ئاگر لە زۆربەی شوێنەکان کراوەتەوە، بە تایبەت لە شوێنە گشتییەکان بۆ ڕۆژی دواتر خەڵکی بەلەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و شایی و هەڵپەڕکێ وتار و سروودی نیشتیمانی گوزارشتیان لە خۆشییەکانی خۆیان کردووە (نەورۆزی ساڵی ١٩٦١، ڕۆژی نوێ، ژ(١)، س(٢)، نیسانی ١٩٦١، ٩٨ ؛ بڕوا، ژ(٣٠)، ١٩٦١/٤/١، ١). زۆرێك لە وتارەکانی ناو ڕۆژنامەکان سەرەتای ئەم بۆنەیە دەبەستنەوە بە ڕزگاربوون لە دەست جەور و ستەم و زوڵم و زۆرداری، باس لە چیرۆکی کوشتنی (زوحاکی خوێنمژ) دەکەن بە دەستی (کاوەی ئاسنگەر) ( ژین، ژ(١٥١٩-١٥٢٢)، ٤، ٧، ١١، ١٩٦٠/٤/١٤، ١، ٣، ٤ ؛ خەبات/النضال، ع(١٩٨)، ١٩٦٠/٤/١٩، ٥ ؛ سەفین، ژ(٤)، س(٢)، ئاداری ١٩٦٨، ١). ئەم بۆنەیە هەر تایبەت نەبووە بە نەتەوەی کورد، بەڵکو لە ناو نەتەوەکانی ئێران و هیندستانیش باو بووە، هاوکات لە پاڵ کۆتاییهاتنی زستان و هاتنی بەهار و سەری ساڵی کوردی ئەم بۆنەیە تێکەڵ بە تێکۆشان و خەباتی نەتەوەیی بووە و مۆرکێکی نەتەوەیی و خەباتگێڕی وەرگرتووە (مەشخەڵی نەورۆز (سلێمانی)، ژ(١٧)، ١٩٦٠/٣/١٦، ١؛ هیوای کوردستان، ژ(٧)، ١٩٦٠/٣/٢١، ١٣ ؛ ژین، ژ(١٦٦٩)، ١٩٦٢/٣/٢٢، ١-٢).

لە هەمان کاتدا بە بڵاوکردنەوەی شیعری شاعیرە مەزنەکانی وەکو پیرەمێرد (١٨٧٦-١٩٥٠) بۆ بە زیندوو هێشتنەوەیان (ژین، ژ(١٦٦٩)، ١٩٦٢/٣/٢٢، ٥ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٣١)، ١٩٦٧/٣/٣٠، ١) و خستنەڕووی شیعری شاعیرانی هاوسەردەم، جۆش و خرۆشی زیاتریان لەناو خەڵکیدا بڵاو کردووەتەوە (ژین، ژ(١٤٣٥)، ١٩٥٩/٣/١٩، ٦ ؛ بڕوا، ژ(٢٩)، ١٩٦١/٣/١٧، ٢). هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆنەیەدا، جەژنێکی دیکە هەبوو بە ناوی (جەژنی دارو درەخت)، ساڵانە لەم ڕۆژەدا ئاهەنگ سازدەکرا و بە هەزاران نەمام لە لایەن حکومەتەوە دەچێنرا و ڕێنمایی خەڵك دەکرا بە چاندنی دار و پارێزگاریکردن لێیان، لە هەمان کاتدا سوودە ژینگەیی و ئابوورییەکانی دار دەخرایە ڕوو (هەتاو، ژ(١٥٢)، ١٩٥٩/٣/٣١، ٢٤ ؛ پەخشنامەی هەولێر، ژ(٣٧)، ١٩٦٢/٦/٢، ١ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٢٩)، ١٩٦٧/٣/٩، ٢).

هەروەها سەریساڵی زایینی لە ڕۆژنامەکاندا باسی لێوە کراوە، بۆنەیەکی تایبەت بە ئایینی مەسیحی بووە، بە بۆنەی لەدایکبوونی پێغەمبەر عیسا (د.خ) لە ٢٥ی کانوونی یەکەم، لە لایەن ڕۆژنامەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانەوە پیرۆزبایی لە مەسیحییەکان کراوە، هەر بەم بۆنەیەوە لە شەوی ٣١ی کانوونی یەکەم، ساڵانە ئاهەنگ ڕێکدەخرا، لەم ڕۆژەدا مەسیحییەکان بە شێوەیەکی ئازادانە ڕێوڕەسمی تایبەت بە خۆیان بەڕێوە بردووە، جگەلە پێکهاتەی مەسیحییەکان خەڵکانی دیکەش بەشداری ئاهەنگەکانی سەری ساڵیان کردووە (بڕوا، ژ(١٧)، ١٩٦٠/١٢/٢٤، ٢ ؛ النهضة، ع(٥٨)، ١٩٦٤/١٢/٢٩، ٢). لەم یادەدا خەڵکی بەگشتی مەبەستیان بووە هەڵە و کەم و کورییەکانی ساڵی ڕابردوو لە بیر بکەن (اسماعیل، ٢٠١٥، ١٣٨) و هیوای ئەوەیان خواستووە کە ساڵی نوێ ببێتە مایەی ساڵێکی پڕخۆشی و هێنانەدیی ئاواتەکان (صوت کردستان، ع(٤)، تشرين الثاني ١٩٦٢، ٦ ؛ النهضة، ع(٩٠)، ١٩٦٥/١٢/٢٧، ١).

**باسی چوارەم: گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان:**

هەژاری و نەزانی و نەخۆشی، دیارترینی ئەو گرفتانەن کە بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرن، ڕۆژنامەی دەنگی کورد لە وتارێکدا ئاماژە بەم گرفتانە دەکات بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەی عێراقی و بە تایبەت لە کۆمەڵگەی کوردی، نووسەری ئەم بابەتە داوا لە حکومەتی عێراق دەکات لە ڕێگەی دامەزراندنی کارگە و بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ و وەگەڕخستنی دەستی کار کۆتایی بەم گرفتانە بهێنێت، چونکە هەژاری نەزانین و نەخۆشیش بە دوای خۆیدا دەهێنێت، پێویستە حکومەت بایەخی زیاتر بدات بە کردنەوەی قوتابخانە و بنکەی تەندروستی بە ئامانجی نەهێشتنی نەخوێندەواری و نەخۆشی بە تایبەت لە گوندەکان (صوت الأكراد، ع(٤٢)، ١٩٦٠/١٠/١٧، ١). تەنانەت وتارێکی ڕۆژنامەوانی ئاماژە بەوە دەکات شاری سلێمانی بەشێکی زۆری لە چینی هەژار و ناوەند پێکهاتوون (ژین، ژ(١٦٠٢)، ١٩٦١/٤/٣، ١). بۆ نموونە لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان بۆ ماوەی هەفتەیەك هەڵمەتێك بە ناوی (باربووی زستانە) ڕێکخراوە، پارە و جلوبەرگ و خواردەمەنی بۆ هەژاران کۆکراوەتەوە و بە سەریاندا دابەش کراوە (پەخشنامەی هەولێر، ژ(١٧)، ١٩٦١/١٢/١٤، ٣ ؛ ژین، ژ(١٧٠٧)، ١٩٦٢/١٢/٢٠، ٢).

پرسە، یەکێکە لە نەریتە جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردی، زیاتر بۆ ئەوەیە لە کاتی ناخۆشی و خەفەتباریدا کەمێك لە خەمی خاوەن مردووەکە کەم بکرێتەوە، هەرچەندە ڕۆژنامەگەری کوردی سەبارەت بەم بابەتە زانیاریی تەواوی نەخستووەتە ڕوو دەربارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە، بەڵام لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا گۆشەیەك بەدی دەکرێت بە ناوونیشانی (سوپاس) کە تیایدا خاوەن مردووەکە سوپاسی ئەو کەسانە دەکات، کە هاتوونەتە سەر قەبران و ئامادەییان بووە و بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی

مردووەکە کردووە، لە هەمان کاتدا سوپاسی ئەوانەش دەکرێت کە چ بە ڕاستەوخۆ یاخود لە ڕێگەی نامە و برووسکەوە هاوخەمیی خۆیان بۆ خاوەن پرسەکە دەربڕیوە خەڵکی بە گشتی بەشدارییان دەکرد لە ناشتنی مردووەکە، دواتر بەشداری پرسەکەیان دەکرد و سورەتی (الفاتحة)یان پێشکەش بە ڕوحی مردووەکە دەکرد (خەبات/النضال، ع(١٤٧)، ١٩٦٠/١/١٧، ٧ ؛ ژین، ژ(١٥٨٣)، ١٩٦١/١/١٢، ٢ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٧٢)، ١٩٦٨/٢/٢٢، ٢ ؛ ژین، ژ(١٤٠٨)، ١٩٥٨/٩/١١، ٢ ؛ هەتاو، ژ(١٨٣)، ١٩٦٠/٨/١٥، ٢٤). هاوکات دوای تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر مردنی کەسێك چلەی ماتەمینیان بۆ سازدەکرا بە تایبەت کەسایەتییە ناودارەکان (دەنگی کورد، ژ(١١)، ١٩٦٠/٨/٣، ٤ ؛ هەتاو، ژ(١٨٦)، ١٩٦٠/٩/٣٠، ٤١ ؛ خەبات/النضال، ع(٣٨٦)، ١٩٦٠/١٢/١٨، ٣).

سەرەڕای ئەوەی پرسە نەریتێکی جوانی کۆمەڵگەیە، بەڵام هەندێ کات زیادەڕۆیی تێداکراوە لە چوارچێوەی ئایینی دەرچووە و بارگرانی زۆر بۆ خاوەن مردووەکە دروست کردووە، چونکە پێشتر وەکو نەریتێکی جوان ڕێگە نەدەدرا بە خاوەن مردووەکە خواردن دروست بکات، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەم نەریتە بەرەو نەمان چووە و ئەرکی خاوەن مردووەکە قورستر بووە، بە تایبەت ئەوانەی لە چینی هەژاران بوون، تەنانەت بەشێك لە نووسەران لەگەڵ ئەوەدا بوون پرسەدانان نەمێنێت (بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، ژ(٣)، س(١)، ئابی ١٩٦٨، ٤-٥ ؛ ھ. س، ژ(٤)، س(١)، ئەیلولی ١٩٦٨، ٥ ؛ بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، ژ(٦)، س(١)، تشرینی دووەم ١٩٦٨). چونکە ئەم پرسەیە بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ بەردەوامی هەبووە و دەبوایە خاوەن مردووەکە بۆ هەر ڕۆژێك دوو ژەم خواردن بۆ خەڵکی ئامادە بکات، دوای سێ ڕۆژەکە حەڵوا ببەخشێتەوە، بێگومان ئەمەش بارگرانی زۆری بۆ خاوەن مردووەکە دروست کردووە و تووشی قەرزاری دەبوو، مامۆستایانی ئایینی بە خەڵکیان ڕاگەیاندووە ئاینی

ئیسلام لەگەڵ ئەم جۆرە نەریتانە نییە، بەڵکو تەنها سەرەخۆشی کردن لە کەسوکاری مردووەکە ڕێگە پێدراوە (ڕۆژی نویَ، ژ(١٢)، س(١)، ئازاری ١٩٦١، ٤٣-٤٤). هەر لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا دیاردەیەکی دیکەی نەشاز هەبووە ئەوەش بەکرێگرتنی (شینگێڕ) بوو بۆ پرسەی ئافرەتان، لە ڕێگەی گریان و لاواندنەوە پرسەی ئافرەتانیان گەرم دەکرد و جۆش و خرۆشییان دەخستە دڵی ئامادەبووان و ئافرەتان دەستیان کردووە بە لەخۆدان و قژڕنینەوە (ڕۆژی نویَ، ژ(٣)، س(٢)، حوزەیران ١٩٦١، ٥-٦).

ئەگەرچی حکومەتی عێراق دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە هەر شارێکی عێراق بڕیاری دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی دا بە ناوی (ئیسکان)، بەڵام ئەم بڕیارە بە تەواوی خەڵکی لە گرفتی کرێچێتی ڕزگار نەکرد، هێشتا گرفتی کەمی خانووی نیشتەجێبوون هەبووە (مەشخەڵی نەورۆز، ژ(٤)، ١٩٥٩/٧/٢٣، ٤ ؛ بڕوا، ع(٦٢-٦٣)، ١١، ١٩٦١/١٢/١٤، ١ ؛ ژین، ژ(١٦٦٣)، ١٩٦٢/٢/٨، ١-٢ ؛ بڕوا، ژ(٧٣)، ١٩٦٢/٤/١، ١)، خێزانێکی زۆر بێ خانوو بوون بەدەست گرانیی کرێی خانوو ناڵاندوویانە (ژین، ژ(١٦٧٠)، ١٩٦٢/٣/٢٩، ٥ ؛ بڕوا، ژ(٧٦)، ١٩٦٢/٧/١، ١)، بەهۆی کەمیی داهاتیان بەشێك لە خێزانەکان ناچار بوون لە خانووی کرێدا دابنیشن، تەنانەت بەشێکی دیکەیان توانای دانی کرێی خانووشیان نەبووە، وەکو لە شاری هەولێر بەشێك لە خێزانەکان لەبەر کەم دەرامەتی و نەبوونی خانوو ڕوویان لە چاڵی (گڵکەند) کردبوو و (خانۆچکە)یان دروست کردبوو، هەرچەندە حکومەت لەهەوڵدا بووە بۆ کەمکردنەوەی کرێی خانوو، بەڵام ئەم جۆرە هەوڵانە نەبووەتە هۆی ڕزگاربوونیان لە کرێی خانوو (نشرة اسبوعية (اربيل)، ع(٣)، ١٩٦١/٩/٥، ٢ ؛ ڕاپەڕین، ژ(١٥٠)، ١٩٦٧/٩/٧، ١). لە شاری سلێمانیش خەڵکی بەدەست گرانیی کرێی خانوو دەیانناڵاند، فەرمانبەرێك مووچەی مانگانەی (٤٠) دینار

بووە، دەبوو (١٥) دینار بدات بە کرێی خانوو بەم شێوەیە لە ٤٠% داهاتەکەی بۆ کرێ خانوو دەچوو، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر گوزەرانی خێزانەکەی دروست کردووە، ڕۆژنامەوانی کوردی داوای لە حکومەت کردووە سنوورێك بۆ خاوەن خانووەکان دابندرێت و کرێی خانوو دیاری بکرێت و کەم بکرێتەوە (ژین، ژ(١٦٨٠)، ١٩٦٢/٦/١٤، ١).

ڕیایی، گرفتێکی دیکەی ناو کۆمەڵگە بووە، کەسانێك کاتێك ئیشیان بە کەسێك دەبێت خۆیانی لێ نزیك دەکەنەوە، کاتێك ئیشی پێ نامێنێت دەست دەکات بە باسکردنی بە خراپی و خستنەڕووی کەم و کورییەکانی، ڕۆژنامەنووسان هۆکاری ئەم ڕیاییەیان گەڕاندووەتەوە بۆ ترسنۆکی (برِوا، ژ(٦٥)، ١٩٦١/١٢/٣٠، ١؛ ژین، ژ(١٦٧٤)، ١٩٦٢/٤/٢٦، ١). هەروەها دووڕوویی و درۆکردن و دوودڵی و ڕق و کینە، لەو نەخۆشییە پیسانە بوون کە بەرۆکی کۆمەڵگەیان گرتبوو، لە ڕۆژنامەکاندا وتاری لەبارەوە نووسراوە، بە ڕەوشتێکی ناشرین و ناپەسەند وەسف کراوە، کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتن و بوونی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە، هەر لەو وتارەدا ئاماژە بەوە دەکات ئەم جۆرە نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە زیاتر لە ناو کەسانی نەخوێندەواردا پەرەی سەندووە (هەتاو، ژ(١٣١)، ١٩٥٨/٥/٢٠، ٣-٤ ؛ ژین، ژ(١٦٤٦)، ١٩٦١/١٠/١٢، ١ ؛ ژین، ژ(١٦٥٢)، ١٩٦١/١١/٢٣، ٤).

یەکێك لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە ئامێری تەلەفۆن، بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی داهێنراوە، ئەگەرچی لە ساڵانی شەستەکاندا ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست بووە، بەڵام لە ئاست خواستی خەڵکیدا نەبووە، وەکو گرفتێك لە ڕۆژنامەکاندا تیشکی خراوەتە سەر بە تایبەت لە شاری سلێمانی، وەکو درەنگ جوابدانەوەی کارمەندانی بەددالە، هاوڵاتییان داوای زیادکردنی هێڵ و بە ئۆتەماتیککردنی بەددالەیان کردووە (ژین، ژ(١٥٧٦)، ١٩٦٠/١٢/١٥، ١ ؛ ژین، ژ(١٥٨٠)، ١٩٦٠/١٢/٢٩، ١ ؛ ژین، ژ(١٦٢٦)، ١٩٦١/٧/٢٠، ١).

دوای ئەوەی چەند جارێك داواکاری پێشکەش کراوە بۆ چارەکردنی ئەم گرفتە، دواجار بڕیار دەرچووە بۆ دابینکردنی بینایەکی نوێ و هێنانی تەلەفۆنی ئۆتۆماتیکی بۆ شاری سلێمانی و زیادکردنی ژمارە تەلەفۆنەکان (ژین، ژ(١٦٥٨)، ١٩٦٢/١/٤، ٢).

لە هەمان کاتدا دزیکردن لە ماڵی خەڵك دیاردەیەکی ناشیاوی دیکە بوو لە ڕۆژنامەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە (ژین، ژ(١٤٧٧)، ١٩٥٩/١٠/٥، ٢ ؛ بڕوا، ژ(٦٩)، ١٩٦٢/٢/٣، ٢). کەسانێك ئەم کارەیان کردووە و دزییان لە ماڵ و سامانی خەڵکی کردووە، لە ناو شار و ڕێگا گشتییەکان بە تایبەت لە شاری سلێمانی (ژین، ژ(١٥٦٢)، ١٩٦٠/٩/٢٢، ١-٢ ؛ ژین، ژ(١٦٢٦)، ١٩٦١/٧/٢٠، ل٢ ؛ ژین، ژ(١٦٥٣)، ١٩٦١/١١/٣٠، ٢). وتارێکی ڕۆژنامەوانی ئاماژە بە هۆکارەکانی تاوانکردن دەکات پێی وایە لە ئەنجامی نزمی و خراپی ڕەوشتی تاوانبارەکە خۆیەتی، ئەمەش لە ئەنجامی خراپ پەروەردەکردن و خراپیی باری ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تێیدا دەژیت (ڕاپەڕین، ژ(١٥١)، ١٩٦٧/٩/١٤، ١-٢).

خەسوو گرفتێکی دیکەی کۆمەڵگە بووە و لە ڕۆژنامەکاندا بابەتی لەبارەوە نووسراوە، کە گرفتی بۆ خێزانەکان دروست کردووە بە تایبەت لە ژیانی ڕۆژانەی ژن و مێرددا، ڕۆژنامەوانان ڕێنماییان بە خێزانەکان داوە، پێیان وابووە لەم لایەنە پێویستە پیاو ڕۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێ و هاوسەنگی لە نێوان دایك و هاوسەرەکەی دروست بکات (هەتاو، ژ(١٦٠)، ١٩٥٩/٨/١٥، ٦ ؛ ژین، ژ(١٦٤٣)، ١٩٦١/٩/٢٨، ٣ ؛ ژین، ژ(١٦٥٢)، ١٩٦١/١١/٢٣، ٥)، بەڵام تێبینی دەکرێت بە بەراورد بە گرفتەکانی دیکە کەمترین ڕەنگدانەوەی هەبووە.

جێگای ئاماژەپێکردنە ڕۆژنامەگەری کوردی لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٨) ڕۆڵی هەبووە لە خستنەڕووی داب و نەریتەکان و گرفتە

کۆمەڵایەتییەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆیان، لە هەمان کاتدا هەوڵی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی داوە لە داب و نەریت و بیروباوەڕە چەوتەکان کە ڕێگرن لەبەردەم پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا هەوڵیان داوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی چەند بابەتێکەوە پەرە بەلایەنی دەروون و ڕەوشت و ئەخلاقی کۆمەڵگە بدەن، کاریان کردووە بە مەبەستی گەشەپێدانی کۆمەڵگا و دەوڵەمەندکردنی بە ئاکار و شاکاری بەرز و جوان بۆ ئەوەی کۆمەڵگە ئاڕاستەیەکی باش وەربگرێت.

**ئەنجام:**

١- ڕۆژنامەگەری بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەیەکی باشە بۆ نووسینەوەی مێژوو لەماوەی توێژینەوەکەدا ئەگەرچی شۆڕشی ئەیلوول بەرپا دەبێت، هاوکات ڕۆژنامەگەری کوردیش لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوودا نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاڕادەیەکی باش داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە باسی لێوەکراوە و خەڵکیان لە گرفت و نەریتە چەوتەکان ئاگادار کردووەتەوە.

٢- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان تاڕادەیەکی باش تیشکیان خستۆتە سەر لایەنی نەریتەکانی کۆمەڵگە و بیروباوەڕە میللییەکان و جۆرەکانی هاوسەرگیری و باسیان لە چەندین شێوازی هاوسەرگیری کردووە و لایەنە باش و خراپەکانیان خستۆتە ڕوو، لایەنە خراپەکانی شێوازەکانی ژن بە ژن و گەورە بە بچووك و ژندان لەبری خوێن بۆ کۆمەڵگەی ڕوون کردۆتەوە، داوایان کردووە خۆیان لەم جۆرە هاوسەرگیرییە باوانە بەدوور بگرن و ڕێگە بدەن بە گەنجان خۆیان بڕیار لە ژیان و جۆری هاوسەرگیرییەکانیان بدەن.

٣- بیروباوەڕە میللییەکانی کۆمەڵگە جێی سەرنجی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بووە و لە هەوڵدابوونە خەڵکی لێ هۆشیار بکەنەوە، وەك باوەڕبوون بە نووشتە و شێخ و گۆڕی پیاوچاکان، داوایان لە خەڵکی کردووە لە کاتی نەخۆشی لەبری سەردانی گۆڕ و نووشتە گرەوەکان پێویستە سەردانی پزیشك و بنکە تەندروستییەکان بکەن.

٤- بە شێوەیەکی گشتی خێزان لەم ماوەیەدا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەتێکی زۆری لەبارەوە نووسراوە بە ئامانجی ئەوەی هۆشیاری تێدا بڵاو بکەنەوە و گیروگرفتەکانی نەهێڵن، بە ئامانجی خستنەڕووی باشترکردنی مافی ئافرەتان و بەرچاو ڕوونییان، چەندین بابەت نووسراوە، هەروەها پێگەی ئافرەت

لە پەروەردەکردنی منداڵ و پێکهێنانی هاوسەرگیری بەرز نرخێندراوە و بایەخی تایبەتی پێدراوە.

٥- ژیانی ڕۆژانەیی خەڵکی بەدەر نەبووە لە کێشە و گرفت، بەشێك لەو گرفتانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاکەکان و خێزانەوە هەیە، ڕۆژنامەنووسان تاڕادەیەکی باش کێشە و گرفتەکانی خەڵکیان خستووەتە بەر باس و لایەنی پەیوەندیداریان لێ ئاگادار کردووەتەوە وەك بابەتی پرسە و خووڕەوشتی گەنجان و کرێی خانوو چەندین بابەتیان لەبارەوە نووسراوە و بە ئومێدی چارەسەری و تا ئەندازەیەکی باش کاریگەریی خۆیان هەبووە.

## سەرچاوەکان


**أ- نامە زانکۆییەکان:**

١. اسماعیل، دحام لقمان (٢٠١٥)، ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لە عیراقدا ١٩٨٠-١٩٩١، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین.

٢. عبدالرحمن، دڵشاد محمود (٢٠١٢)، بارودۆخی کۆمەڵایەتیی شاری کەرکوك لە سەردەمی پاشایەتیدا (١٩٥٨-١٩٢١)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەڵاحەددین.

**ب- کتێب:**

١. ئەنوەر، کەیوان ئازاد (٢٠١١)، نەریتەکانی کورد، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٢. الجاوشلي، هادي رشيد (١٩٧٠)، الحياة الاجتماعية في كردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد.

٣. هەروتی، سەعدی عوسمان (٢٠١٣)، چەند لایەنێکی مێژوویی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان لە سەردەمی عوسمانییدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**ت- گۆڤار و ڕۆژنامەکان:**

١. ئازادی (ڕۆژنامە)،-(کەرکوك)، ١٩٥٩/٦/٧، ژ(٦).

٢. ئازادی، ٧، ١٩٥٩/٦/١٤، ژ(٦-٧).

٣. بڵێسە (گۆڤار)، (سلێمانی)، کانوونی یەکەمی ١٩٥٩، ژ(٥)، س(١).
٤. برایی، ١٩٦٨/١٠/٥، ژ(٣٩٢).
٥. برایی (ڕۆژنامە)، (بەغداد)، ١٩٦٧/٥/٢٧، ژ(٢٩).
٦. برایی، ١٩٦٨/١٠/٢٦، ژ(٣١٤).
٧. برایی، ١٩٦٨/٦/٢٩، ژ(٣٠٠).
٨. بڕوا (ڕۆژنامە، سلێمانی)، ١٩٦٠/١١/٢٧، ژ(١٣).
٩. بڕوا، ١٩٦١/١٢/٣٠، ژ(٦٥).
١٠.بڕوا، ١٩٦١/٦/٣، ژ(٣٨).
١١.بڕوا، ١٩٦١/٤/١، ژ(٣٠).
١٢.بڕوا، ١٩٦٢/٢/٢٤، ژ(٧٠).
١٣.بڕوا، ١٩٦١/٣/١٧، ژ(٢٩).
١٤.بڕوا، ٣، ١٩٦٠/١٢/١٠، ژ(١٤-١٥).
١٥.بڕوا، ١٩٦١/٦/٣، ژ(٣٨).
١٦.بڕوا، ١١، ١٩٦١/١٢/١٤، ع(٦٢-٦٣).
١٧.بڕوا، ١٩٦١/٣/١٧، ژ(٢٩).
١٨.بڕوا، ١٩٦٢/٣/٦، ژ(٧١).
١٩.بڕوا، ١٩٦١/٥/٢٠، ژ(٣٧).
٢٠.بڕوا، ١٩٦٢/٢/٣، ژ(٦٩).
٢١.بڕوا، ١٩٦٠/١٢/٢٤، ژ(١٧).
٢٢.بڕوا، ١٩٦٢/٤/١، ژ(٧٣).
٢٣.بڕوا، ١٩٦٢/٧/١، ژ(٧٦).
٢٤.بڵێسە، مارت ١٩٦٠، ژ(٨)، س(١).
٢٥.بڵێسە، شوباتی ١٩٦٠، ژ(٧)، س(١).
٢٦.بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، ئابی ١٩٦٨، ژ(٣)، س(١).
٢٧.بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، ئەیلوولی ١٩٦٨، ژ(٤)، س(١).
٢٨.بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، تشرینی دووەم ١٩٦٨، ژ(٦)، س(١).
٢٩.بڵاوکراوەی شارەوانی سلێمانی، ئابی ١٩٦٨، ژ(٣)، س(١).

٣٠.پێشکەوتن (ڕۆژنامە)، (بەغداد)، ١٩٥٨/١٢/٦، ژ(٣٧).

٣١.پێشکەوتن، ١٩٥٨/٩/٢٠، ژ(٢٦).

٣٢.پێشکەوتن، ١١ی حزیرانی ١٩٥٨، ژ(١٤).

٣٣.پەخشنامەی هەولێر، ١٩٦٢/٦/٢، ژ(٣٧).

٣٤.پەخشنامەی هەولێر، ١٩٦١/٨/٢٩، ژ(٢).

٣٥.پەخشنامەی هەولێر، ١٩٦١/١٢/١٤، ژ(١٧).

٣٦.پەخشنامەی هەولێر، ١٩٦١/٩/٥، ژ(٣).

٣٧.پێشکەوتن، ١٩٦١/٤/٣، ژ(٦٥).

٣٨.پێشکەوتن، ١٩٥٨/٩/٢٧، ژ(٢٧).

٣٩.خەبات/النضال(جريدة)، (بغداد)، ١٩٦٠/١٠/١٣، ع(٣٣٤).

٤٠.خەبات/النضال، بغداد، ١٩٦٠/٣/٨، ع(١٨٣).

٤١.خەبات/النضال، ١٩٦٠/٣/٨، ع(١٨٣).

٤٢.خەبات/النضال، ١٩٦٠/٢/٢٦، ع(١٧٤).

٤٣.خەبات/النضال، ١٩٦٠/١٢/٢٥، ع(٣٩٢).

٤٤.خەبات/النضال، ١٩٦٠/٦/٢٧، ع(٢٤٩).

٤٥.خەبات/النضال، ١٩٦٠/١/١٧، ع(١٤٧).

٤٦.خەبات/النضال، ١٩٦٠/٨/٣١، ع(٣٠٢).

٤٧.خەبات/النضال، ١٩٦٠/٤/٢٤، ع(٢٠٢).

٤٨.خەبات/النضال، ١٩٦٠/٤/١٩، ع(١٩٨).

٤٩.خەبات/النضال، ١٩٦٠/١٢/١٨، ع(٣٨٦).

٥٠. خەبات/النضال، ١٩٥٩/٤/١٧، ژ(٣).

٥١. خەبات/النضال، ١٩٦٠/٦/١٦، ع(٢٤١).

٥٢. خەبات/النضال، ١٩٦١/٢/٨، ع(٤٢٦).

٥٣. چیا (گۆڤار)، (سلێمانی)، ١٩٦٨، ژ(٢)، س(٢).

٥٤. چیا، ١٩٦٨، ژ(٢)، س(٢).

٥٥. ڕزگاری (گۆڤار)، (بەغداد)، ١٩٥٩/٢/١٠، ژ(١)، س(١).

٥٦. ڕاپەڕین٩، ١٦، ١٩٦٨/٥/٢٢، ، ژ(١٨١-١٨٣).

٥٧. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٤/٢٧، ژ(١٣٤).
٥٨. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/١٠/١٩، ژ(١٥٦).
٥٩. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٣/٩، ژ(١٢٩).
٦٠. ڕاپەڕین، ١٩٦٨/٦/١٣، ژ(١٨٦).
٦١. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٦/٨، ژ(١٣٨).
٦٢. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٩/١٤، ژ(١٥١).
٦٣. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٩/٧، ژ(١٥٠).
٦٤. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٩/٧، ژ(١٥٠).
٦٥. ڕاپەڕین، ١٩٦٨/٢/٢٢، ژ(١٧٢).
٦٦. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٣/٣٠، ژ(١٣١).
٦٧. ڕاپەڕین، ١٩٦٨/١٢/١٩، ژ(٢٠٧).
٦٨. ڕاپەڕین (ڕۆژنامە)، (سلێمانی)، ١٩٦٧/١٢/٢٨، ژ(١٦٦).
٦٩. ڕاپەڕین، ١٩٦٨/٣/٧، ژ(١٧٤).
٧٠. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٣/٣٠، ژ(١٣١).
٧١. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/١١/٢٣، ژ(١٦١).
٧٢. ڕاپەڕین، ١٩٦٨/٨/١، ژ(١٩٢).
٧٣. ڕاپەڕین، ١٩٦٨/١٠/٣، ژ(١٩٨).
٧٤. ڕاپەڕین، ١٩٦٨/٦/٦، ژ(١٨٥).
٧٥. ڕاپەڕین، ١٩٦٧/٥/١٨، ژ(١٣٦).
٧٦. ڕاپەڕین، ١٩٦٦/٩/٢٤، ژ(١١٣). ڕۆژی نوێ، ئازاری ١٩٦١، ژ(١٢)، س(١).
٧٧. ڕۆژی نوێ (گۆڤار)، (سلێمانی)، کانونی دووەم ١٩٦١، ژ(١٠)، س(١).
٧٨. ڕۆژی نوێ، نیسانی ١٩٦١، ژ(١)، س(٢).
٧٩. ڕۆژی نوێ، حوزەیران ١٩٦١، ژ(٣)، س(٢).
٨٠. ڕۆژی نوێ، حوزەیران ١٩٦١، ژ(٣)، س(٢).
٨١. ڕۆژی نوێ، تشرینی یەکەم ١٩٦٠، ژ(٧)، س(١).
٨٢. ڕۆژی نوێ، نیسانی ١٩٦١، ژ(١)، س(٢).
٨٣. ڕۆژی نوێ، تشرینی دووهەم ١٩٦٠، ژ(٨)، س(١).

٨٤. ڕابەر (گۆڤار)، (سلێمانی)، ١٩٦٧/٢/٦، ژ٢، س٢.
٨٥. ڕابەر، سلێمانی، ١٩٦٧/٢/٦، ژ(٢)، س(٢).
٨٦. رابەر(مجلة)، (سلێمانی)، ١٩٦٧/٢/٦، ع(٢)، س(٢).
٨٧. ژین (ڕۆژنامە)، (سلێمانی)، ٤، ٧، ١١، ١٩٦٠/٤/١٤، ژ(١٥١٩-١٥٢٢).
٨٨. ژین، ١٩٦٢/٦/١٤، ژ(١٦٨٠).
٨٩. ژین، ١٩٥٨/٢/١٣، ژ(١٣٨١).
٩٠. ژین، ١٩٦٢/٣/٢٢، ژ(١٦٦٩).
٩١. ژین، ١٩٥٨/٣/٢٧، ژ(١٣٧٨).
٩٢. ژین، ١٩٦٢/١١/٢٢، ژ(١٧٠٣).
٩٣. ژین، ١٩٦٢/٢/٨، ژ(١٦٦٣).
٩٤. ژین، ١٩٦٠/٩/٥، ژ(١٥٥٨).
٩٥. ژین، ١٩٦١/١١/٢٣، ژ(١٦٥٢).
٩٦. ژین، ١٩٥٩/٥/٢٨، ژ(١٤٤٩).
٩٧. ژین، ١٩٦٢/٢/٨، ژ(١٦٦٣).
٩٨. ژین، ١٩٥٩/٨/١٣، ژ(١٤٦٤).
٩٩. ژین، ١٩٦٢/٣/٢٩، ژ(١٦٧٠).
١٠٠. ژین، ١٩٥٩/٣/١٩، ژ(١٤٣٥).
١٠١. ژین، ١٩٦١/١٢/٢١، ژ(١٦٥٦).
١٠٢. ژین، ١٩٦٢/١/٤، ژ(١٦٥٨).
١٠٣. ژین، ١٩٦١/١/١٢، ژ(١٥٨٣).
١٠٤. ژین، ١٩٥٨/٩/١١، ژ(١٤٠٨).
١٠٥. ژین، ١٩٦١/١١/٢٣، ژ(١٦٥٢).
١٠٦. ژین، ١٩٦١/١١/٢٣، ژ(١٦٥٢).
١٠٧. ژین، ١٩٥٩/٢/٩، ژ(١٤٣٨).
١٠٨. ژین، ١٩٦٢/٢/٢٢، ژ(١٦٦٥).
١٠٩. ژین، ١٩٥٩/١٢/٢٤، ژ(١٤٩٧).
١١٠. ژین، ١٩٦٠/٤/١٤، ژ(١٥٢٢).

١١١. ژین، ١٩٥٩/٦/٢٩، ژ(١٤٥٦).

١١٢. ژین، ١٩٦٢/٢/٨، ژ(١٦٦٣).

١١٣. ژین، ٢٥، ١٩٦١/٩/٢٨، ژ(١٦٤٢-١٦٤٣).

١١٤. ژین، ١٩٦٠/٣/٣، ژ(١٥١٤).

١١٥. ژین، ١٩٦٠/٤/١١، ژ(١٥٢١).

١١٦. ژین، ١٩٦٠/٨/١٨، ژ(١٥٥٣).

١١٧. ژین، ١٩٦٣/٢/٧، ژ(١٧١٤).

١١٨. ژین، ١٩٦٢/١٢/٢٠، ژ(١٧٠٧).

١١٩. ژین، ١٩٥٨/٨/٢٨، ژ(١٤٠٦).

١٢٠. ژین، ١٩٦١/٢/٢٠، ژ(١٥٩٣).

١٢١. ژین، ١٩٦٠/٦/٢، ژ(١٥٣٤).

١٢٢. ژین، ١٩٥٩/٣/١٩، ژ(١٤٣٥).

١٢٣. ژین، ١٩٥٩/١٠/٥، ژ(١٤٧٧).

١٢٤. ژین، ١٩٦٢/٤/٢٦، ژ(١٦٧٤).

١٢٥. ژین، ١٩٦١/١٠/١٢، ژ(١٦٤٦).

١٢٦. ژین، ١٩٦٠/١٢/١٥، ژ(١٥٧٦).

١٢٧. ژین، ١٩٦٠/١٢/٢٩، ژ(١٥٨٠).

١٢٨. ژین، ١٩٦٢/١/٤، ژ(١٦٥٨).

١٢٩. ژین، ١٩٦٠/٩/٢٢، ژ(١٥٦٢).

١٣٠. ژین، ١٩٦١/٧/٢٠، ژ(١٦٢٦).

١٣١. ژین، ١٩٦١/٧/٢٠، ژ(١٦٢٦).

١٣٢. ژین، ١٩٦١/١١/٣٠، ژ(١٦٥٣).

١٣٣. ژین، ١٩٦١/٩/٢٨، ژ(١٦٤٣).

١٣٤. ژین، ١٩٥٩/٤/٢، ژ(١٤٣٧).

١٣٥. ژین، ١٩٦٢/١٠/٢٥، ژ(١٦٩٩).

١٣٦. ژین، ١٩٦٢/٣/٢٢، ژ(١٦٦٩).

١٣٧. ژین، ١٩٦٠/٤/٤، ژ(١٥١٩).

١٣٨. ژین، ١٩٦١/٦/١، ژ(١٦١٦).
١٣٩. ژین، ١٩٦١/٨/٢٨، ژ(١٦٣٦).
١٤٠. ژین، ١٩٦٠/٤/٢١، ژ(١٥٢٤).
١٤١. ژین، ١٩٦٠/٤/٢٨، ژ(١٥٢٦).
١٤٢. ژین ١٩٥٨/٢/٦، ، ژ(١٣٨٠) ؛ ١٩٥٨/٤/٣٠ ژ(١٣٩١) ؛ ژ(١٥٣٥)، ١٩٦٠/٦/١٣ ؛ ، ١٩٦٠/٢/١ ژ(١٥٠٧) ؛ ١٩٦٠/٧/١٨ ژ(١٥٤٤) ؛ ١٩٦٠/٩/٥، ژ(١٥٥٨) ؛ ١٩٦١/٤/٣، ژ(١٦٠٢) ؛ ١٩٦١/١/١٨، ژ(١٦٦٠) ؛ ١٩٦٢/١/٢٥، ژ(١٦٦١) ؛ ١٩٦٢/٣/١، ژ(١٦٦٦) ؛ ١٩٦١/٣/٣٠، ژ(١٦٠١) ؛ ١٩٦١/٥/١، ژ(١٦١٠) ؛ ١٩٦٢/٢/١، ژ(١٦٦٢) ؛ ١٩٦١/٩/١١، ژ(١٦٣٩).
١٤٣. سەفین (گۆڤار)، (نهێنی، شاخ)، مایسی ١٩٦٨، ژ(٦)، س(٢).
١٤٤. سەفین، آداری ١٩٦٨، ژ(٤)، س(٢).
١٤٥. سەفین، نیسانی ١٩٦٨، ژ(٥)، س(٢).
١٤٦. سەفین، ١٩٦٨/٢/٢، ژ(٣).
١٤٧. شەفەق (گۆڤار)، مایس و حەزیران ١٩٥٨، ژ(٥-٦)، س(١).
١٤٨. صوت الاكراد (جريدة)، بغداد، ١٩٦٠/١١/٢٣، ع(٦٩).
١٤٩. صوت الأكراد، ١٩٦٠/١٠/١٧، ع(٤٢).
١٥٠. صوت كردستان (جريدة)، (بغداد)، تشرين الثاني ١٩٦٢، ع(٤).
١٥١. التآخي، ١٩٦٧/١١/٣٠، ع(٢١٢).
١٥٢. (الاديب العراقي-بەشی کوردی) (گۆڤار)، (بەغداد)، گەلاوێژی ١٩٦١، ژ(١)، س(١).
١٥٣. التآخي (جريدة)، (بغداد)، ١٩٦٨/١٠/٢٥، ع(٤١٢).
١٥٤. التآخي، ١٩٦٨/٥/٣، ع(٢٧٦).
١٥٥. النهضة (جريدة) (سليمانية)، ١٩٦٧/٧/١٠، ع(١٤٢).
١٥٦. النهضة، ١٩٦٤/١٢/٧، ع(٥٥).
١٥٧. النهضة، ١٤/مارت/١٩٦٤، ع(٢٠).
١٥٨. النهضة، ١٩٦٤/١٢/٢٩، ع(٥٨).
١٥٩. النهضة، ١٩٦٧/٦/٢٦، ع(١٤٠).
١٦٠. النهضة، ١٩٦٦/٢/٧، ع(٩٣).

١٦١. النهضة، ١٩٦٨/٢/١، ع(١٧٠).
١٦٢. النهضة، ١٩٦٥/١٢/٢٧، ع(٩٠).
١٦٣. مەشخەڵی نەورۆز، ١٩٥٩/٧/٢٣، ژ(٤).
١٦٤. مەشخەلی نەوروز، ١٩٦٠/٣/١٦، ژ(١٧).
١٦٥. مەشخەڵی نەورۆز (ڕۆژنامە)، (سلێمانی)، ١٩٥٩/٧/٢، ژ(٢).
١٦٦. نامیلکەی سلێمانی، ١٩٥٨، ژ١.
١٦٧. نشرة أربيل، ١٩٦٢/٣/٣١، ع
١٦٨. نشرة أربيل، ١٩٦٢/٨/٢١، ع(٤٦).
١٦٩. نشرة اربيل، ١٩٦١/٩/٥، ع(٣).
١٧٠. نشرة أربيل، ١٩٦٢/٥/٢٢، ع(٣٦).
١٧١. نشرة أربيل، ١٩٦٢/٦/١٠، ع(٣٨).
١٧٢. نشرة أربيل، ١٩٦١/١٢/٧، ع(١٦).
١٧٣. نشرة أربيل، ١٩٦٢/٤/١٤، ع(٣٢).
١٧٤. نشتیمان (گۆڤار)، (سلێمانی)، ١٩٥٩، ژ(١).
١٧٥. هیوا (گۆڤار)، (بەغداد) شوبات ١٩٥٨، ژ(٨)، س(١).
١٧٦. هیوا، مایس ١٩٥٨، ژ(١١)، س(١).
١٧٧. هیوا، تەموزی ١٩٥٨، ژ(١)، س(٢).
١٧٨. هیوا، کانونی دووەم ١٩٥٨، ژ(٧)، س(١).
١٧٩. هیوای کوردستان (گۆڤار)، (سلێمانی)، ١٩٦٠/٦/١٩، ژ(١٠).
١٨٠. هیوای کوردستان، ١٩٦٠/٣/٢١، ژ(٧).
١٨١. هەتاو (گۆڤار)، (هەولێر)، ١٩٥٨/٥/١٠، ژ(١٣٠).
١٨٢. هەتاو، ١٩٥٩/٤/١٥، ژ(١٥٣).
١٨٣. هەتاو، ١٩٥٨/٧/٣١، ژ(١٣٧).
١٨٤. هەتاو، ١٩٥٨/٨/١٠، ژ(١٣٨).
١٨٥. هەتاو، ١٩٥٩/٣/٣١، ژ(١٥٢).
١٨٦. هەتاو، ١٩٥٩/٧/٣١، ژ(١٥٩).
١٨٧. هەتاو، ١٩٥٨/١٢/٣١، ژ(١٤٦).

١٨٨. هەتاو، ١٩٥٩/٦/١٥، ژ(١٥٦).

١٨٩. هەتاو، ١٩٥٩/٩/١٥، ژ(١٦٢).

١٩٠. هەتاو، ١٠ی شوباتی ١٩٥٨، ژ(١٢٢).

١٩١. هەتاو، ١٩٥٨/٤/١٠، ژ(١٢٨).

١٩٢. هەتاو، ٢٠ی کانونی دووەم ١٩٥٨، ژ(١٢٠).

١٩٣. هەتاو، ١٩٦٠/٩/٣٠، ژ(١٨٦).

١٩٤. هەتاو، ١٩٥٨/٧/١٠، ژ(١٣٥).

١٩٥. هەتاو، هەولێر، ١٩٥٨/٥/٢٠، ژ(١٣١).

١٩٦. هەتاو، ١٩٥٩/٩/١٠، ژ(١٤٠).

١٩٧. هەتاو، ١٩٥٨/٦/١٠، ژ(١٣٣).

١٩٨. هەتاو، ١٩٦٠/٨/١٥، ژ(١٨٣).

١٩٩. هەتاو، ١٩٥٩/٨/١٥، ژ(١٦٠).

## ملخص

# انعكاس العادات والتقاليد والمشاكل الاجتماعية للمجتمع الكوردي في الصحافة الكوردية في العراق (١٩٥٨-١٩٦٨)

تعتبر الفترة ما بين ١٩٥٨-١٩٦٨ فترة مهمة في تاريخ العراق المعاصر بسبب التغيرات السياسية التي حدثت في جنوب كوردستان والمنطقة ، مثل التغييرات في نظام الحكم في العراق وثورة ايلول. لاشك أن هذه الحوادث لها تأثير على الجوانب الاجتماعية وعادات وتقاليد المجتمع الكوردى. خصوصا حرية الصحافة في بداية ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ مما أدى إلى صدور عدد كبير من الصحف والمجلات التي كان لها دور في نشر الوعي والإشارة إلى المشاكل والجروح. أملا في إيجاد الحلول ، فإن الصحافة مرآة تعكس متغيرات عصرها لا سيما الجوانب الاجتماعية ، بما في ذلك عادات وتقاليد المجتمع في الصحف ، لأن العادات والتقاليد ترتبط ارتباطا مباشرا بحياة الناس. خلال هذه الفترة ، أشار الصحفيون إلى العديد من التقاليد الجميلة، ولكن كانت هناك أيضا بعض التقاليد السيئة التي أعاقت تقدم المجتمع في المجال الاجتماعي، مثل الإيمان بالتعاويذ والشعوذة والعرافين. خلقت بعض تقاليد الزواج التي تم ذكرها خلال هذه الفترة العديد من العواقب السيئة للعائلات والتي كانت سببا في تخلف المجتمع الكوردي ، وخلال هذه الفترة كان الصحفيون يحاولون الترويج ونشر ورفع مستوى الوعي الأسري. وعرض حقوق المرأة وأهمية تربية الأطفال بطريقة صحية وناجحة ، كان لها تأثيرها ودورها في هذا الصدد.

اشتمل البحث على أربعة محاور رئيسية: الفصل الأول يتناول تقاليد المجتمع والمعتقدات القومية ، والفصل الثاني يركز على الأسرة ، ودور المرأة ومكانتها ، وتربية الأبناء ، وتشكيل الأسرة الناجحة. تمت مناقشة نتائج البحث. وتعرض في الفصل الثالث الألعاب والأعياد والمناسبات الاجتماعية ، بينما تناقش المشاكل الاجتماعية في الفصل الرابع ، وأخيرا يتم مناقشة نتائج البحث.


الكلمات الدالة: العادات والتقاليد، صحفيون، المجتمع، انعكاس، المعتقدات)

## Abstract

### Reflection of social customs and traditions and problems of Kurdish society in Kurdish journalism in Iraq (1958-1968)

The period between 1958-1968 is considered an important period in contemporary history because of the political changes that occurred in South Kurdistan and the region, such as changes in the system of governance in Iraq and the September Revolution. There is no doubt that these incidents have an impact on the social aspects, customs and traditions of Kurdish society. especially freedom of the press at the beginning of the July 14, 1958 revolution, which led to the publication of a large number of newspapers and magazines, which played a role in spreading awareness and pointing to problems and wounds In the hope of finding a solution, event journalism mirrors the changes of its time, , especially the social aspects, including the customs and traditions of society in newspapers, because customs and traditions are directly related to people's lives. During this period, journalists have pointed out many beautiful traditions, but there were also some bad traditions that hindered the progress of society in the social field, such as believing in writings and fortune-tellers .Some of the traditions of marriage mentioned during this period, created many bad consequences for families that were a reason for the backwardness of Kurdish society, during this period, journalists were trying to promote and disseminate and raise the level of family awareness and the presentation of women's rights and the importance of raising children in a healthy and successful manner, have had their own influence and role in this regard.

The research includes four main topics: the first topic refers to the traditions of society and national beliefs, the second topic focuses on the family, the role and position of women, raising children and forming a successful family Games, holidays and social events are presented in the third chapter, while social problems are discussed in the fourth chapter. Finally, the results of the research are discussed.


**Keywords: (costoms and traditions, Journalist, community, reflect, beliefs)**.